ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ _ ٢٠ی دێسامبری ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٩٤ | www.kurdistanukurd.com

## چالاکیی بەرینی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە ناوچەی جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




ئەندامان و هەڵسووڕاوانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی شار و شاروچکە و گوندەکانی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانەوە بە بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی تایبەت بەم یادە و نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکان، ئەم یادەیان بەرز ڕاگرت.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانەوە بەرز دەنرخێنی و، سەرکەوتنیان لە ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیاندا بە ئاوات دەخوازێ.

# «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان» داهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی حیزب، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کرایەوە و، ئامادەبووان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک حەسەن قادرزادە خوێندرایەوە .

دوابـــەدوای پەیامی حیزب، بە هاوکاری کۆڕی هونەری حیزب سروودێکی حەماسی لە لایەن پۆلێک لە پێشمەرگەکانەوە پێشکەش کرا و دوای ئەو سروودەش، شێعرێک لە لایەن شاعیری پێشمەرگە عەلی لەیلاخ خوێندرایەوە.

بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بریتی بوون لە:
پێشکەش کردنی گۆرانییەک لە لایەن حەمەدەمین کەریمی و هەروەها بە بۆنەی کۆتایی هاتی دەورەی ٢٢٠ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە لایەن پێشمەرگەکانی دەورەوە، سروودێکی شۆڕشگێرانە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پاشان سێ پێشمەرگەی دەنگخۆشی نێو ڕیزەکانی حیزب بە ناوەکانی «هێمن کەریمی، سەردار زەنگەنە و ڕێبوار حەسەنی» چەند تابلۆیەک لە گۆرانی کوردییان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا، لە لایەن بەشێک لە دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات تابلۆیەک کە لە ئاڵای کوردستان و لۆگۆی حیزب نەخشرا بوو، کە بە نوێنەرایەتیی وان، لە لایەن هاوڕێ کارۆ ڕەسووڵییەوە پێشکەش بە سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی کرا.

ئەو ڕێورەسمە دوای چەند کاتژمێر بە هەڵپەڕکێی گشتی کۆتایی پێهات.

## خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان»

قادر وریا

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەیدان و شایەدی چالاکیی بەرینی هۆگران و ئەویندارانی «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان» بوون.

ئەمساڵ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ساڵانی ڕابردوو، دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە دوو حەوتوو پێشترەوە، بە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون. ئەم پێشوازییە زیاتر لە شێوەی نووسینی دروشمگەلی تایبەت بەم بۆنانە و بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە و هەڵکردن و هەڵاوەسینی ئاڵای کوردستان لە شوێنە بەرچاوەکان، خۆی دەرخست. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارێزگاکانی: ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، مەیدانی بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە چالاکییانە بوون.

یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی بیرەوەریی لە دایکبوونی ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە ئاستی سەرانسەری و بە بەشداریی ڕێژەیەکی زۆر لە دڵسۆزان و هۆگرانی هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و هەر لەوکاتەدا مایەی شادی و شانازییە. ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لەو ڕەهەندانە دەکەین:

**نێوەرۆکی خەباتکارانە و خەباتخوازانەی چالاکییەکان:**

بەشداریی بوێرانە و بەربڵاوی لاوەکان لەم جۆرە حەرەکەتانەدا، بوونی وزە و پوتانسیەلێکی گەورە بۆ تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەسەلمێنێ. سەرەڕای لە ژێر چاودێریدابوونی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لەم جۆرە بۆنانەدا دەبنە مەیدانی چالاکیی هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران، ئیدارەی ئیتلاعات، بەسیج و بەگشتی بەکرێگیراوەکانیان لە سەروبەندی بۆنە حیزبی و نەتەوەییەکاندا دەکەونە حاڵەتی ئامادەباش، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە زەبروزەنگ ناپرینگێنەوە و تەلیسمی ترس و سەرکوت دەشکێنن. دیارە بەشێک لە بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکیانە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانن و بە ڕێنوێنی و هاندانی تەشکیلات و ڕاگەیاندنی حیزبەکەیان، ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن. ... ل٢

### خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە ڕۆژەڤ
(بەشی یەکەم)
ئاسۆی حەسەنزادە ل٥

### پێشمەرگە (کەسایەتیی نەتەوەیەک)
سمایل شەرەفی ل٥

### ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار) بۆنەیەکی دابڕاو لە پەیامەکانی
ئەیوب شەهابیڕاد ل٦

### درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ و چارەنووسی بەرجام
حەسەن شێخانی ل٦

## بەشداری هەیئەتی حدک لە کۆنفرانسی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا (کۆنفرانسی سلێمانی)




پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/١١ (٢١ سەرماوەزی ١٣٩٥) هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری حیزب و کەریم مهدوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە کۆنفرانسی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا کە بە میوانداری یەکتیی نیشتیمانی ڕێکخرابوو بەشداری کرد.

لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا هەیئەتی حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەیئەت و نوێنەرانی حیزب و سازمان و کەسایەتیەکانی بەشداری کۆنفرانسەکە دیدار و چاوپێکەوتنیان کرد و لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچە و ڕۆڵی نامەسئولانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم ڕووداوانەدا، هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان خستەڕوو.

هەر لەم کۆنفرانسەدا دوای ئەوەی دەرکەوت کە دەرەتانی بەشداری لە باسەکاندا بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدراوە، هەیئەتی حیزب پەیامێکی بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە نێو بەشدارانی کۆنفرانسەکەدا بڵاو کردەوە.

لەم پەیامەدا باس لە خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دیاردەی تێرۆر و توندوتیژی و هەروەها ڕۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەرەپێدان بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و سیاسەتی تیرۆریستانەی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە ئازادیخوازانی کورد و ئێرانی کرابوو.

## کردنەوەی پێشانگای فۆتۆ ستۆری لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە، ٢٤ی سەرماوەز، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، پێشانگایەکی فۆتۆ ستۆری لەژێر ناوی «حەماسەی ڕۆژهەڵات» لە یەکێک لە هۆڵەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بەڕێوە برد. ئەم پێشانگایە تەرخانکرابوو بۆ نەمایشی جەولە و چالاکییەکانی قۆناغیی نوێی تێکۆشانی پێشمەرگەکانی حدک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لایەن کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ کارۆ ڕەسووڵی کرایەوە و بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێز لە یاد و ناوی قارەمانتیی پێشمەرگە گیرا.

### مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان
عەزیز شێخانی

مافی مرۆڤ مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەشێکی دانەبڕاو لە سروشتی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتییە. کتێبە ئایینیەکان و بەشێک لە بەڵگەنامە مێژووییەکان... ل٧

### کۆتایی شەڕ لە وێرانەشاری حەڵەب، کۆتایی قەیرانی سووریە نییە
ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژهەڵاتی شاری کاولکراوی حەلەب لە لایەن هێزەکانی بەشار ئەسەد و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستە و... ل٩

### «یەکگرتن» و گەمەکانی پشتی!
خالید محەممەدزادە

ئەو باس و خواسانەی ناوەناوە سەبارەت بە پرسی «یەکگرتن» لەنێو بلوکبەندی حیزبە سیاسییەکان دەبینری، هێندەی هەوڵێکە بو لێکترازانی... ل٩

### تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە
عومەر باڵەکی

خۆر لە پشت چیا بەرزەکان پەنای گرتبوو. شێوەی ڕۆژانی پێشووتری نەدەدا. ئارام و هێورتر خۆی دەنواند.... ل١١

درێژەی

## خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان»

بەڵام بە دڵنیاییەوە بەشێکی بەرچاو لەو لاوانەی بەشداری ئەم جۆرەچالاکیانە دەبن، تەنیا کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و پێوەندییەکی مەعنەوی بە حیزبی دێموکرات و هێما شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان دەیانبەستێتەوە،ئەگینا لەگەڵ حیزب و تەشکیلاتە نهێنییەکەی پێوەندییەکی ڕێکخراویان نیە. بەوحاڵەش چونکە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە لای ئەوان خۆشەویستن، هەروەها بەو هۆیەوە کە تێکۆشان و چالاکی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆرو دژەکوردی کۆمای ئیسلامی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە جۆرێک لە خەبات وبەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانە دەزانن، خۆویستانە تێکەڵ بەم جۆرە چالاکیانە دەبن.

**بە ڕەوا زانینی بەرگریی چەکدارانە بەرامبەر دوژمنان و ڕێزلێگرتنی:**

ڕێزگرتن لە وشە و ناوی پێشمەرگە و بەرز ڕاگرتنی یادیبەرگری و فیداکارییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە پەلاماردەرو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمە دژبەکوردەکان، لەو بڕوایەوە سەرچاوەدەگرێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانمان و سنووردانانبۆ هێرش و دەستدرێژی و تاوانەکانیان، بەرگریی ڕەوا و وەدەست هاتن بەچەکیش پێویستە. گەلی کورد کە چاوی تەماعی نەبڕیوەتە خاکی هیچنەتەوەیەکی دیکە و هەموو جارێش بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە،داخوازەکانی خۆی بەرەوڕووی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران و عێراقو تورکیە و سوریە کردووەتەوە، هەر کات لە جیاتی ڕێزگرتن لە داواکانیهێرشی کراوەتە سەر، بە چەکیش بەرگریی لە مان و خاک و شوناسیخۆی کردوە. ڕێزگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەز،وەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە دەیان ساڵ حەماسەخوڵقێنیی ڕۆڵەکانیان،ریز گرتنە لە چەند هەزار پێشمەرگەی شەهید کە لە سەنگەری ڕاوەستان بەرامبەرهێرشی کوردکوژاندا، گیانیان بەخشیوە. ڕێزگرتنە لەو تێکۆشەرانەی هەروالە مەیداندا ماونەتەوە و ئاڵای تێکۆشانیان شەکاوە ڕاگرتوە. گومانی تێدانیە کە ئەم ڕێزگرتن و خۆشەویستی‌یە، هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵە چەکدارەکانیکورد کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە بەرگری لە نەتەوەکەیان و خاکینیشتمانەکەیان دەکەن، دەگرێتەوە.

**هێماکانی شوناسی نەتەوەیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر جێی خۆیاندەکەنەوە:**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتیکوردستان و کۆماری کوردستاندا، بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک سامان ودەسکەوتی نەتەوەیی. جگە لە داهاتنی وشە و ناوی «پێشمەرگە» و پێکهاتنیهێزی پێشمەرگە لەو سەردەمدا، «ئاڵای کوردستان»یش بۆ یەکەم جارهەر لەو سەردەمدا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا نوێ ببێتەوە و بە ڕەسمیهەڵ بکرێ. دیارە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»یش هەر یادگاری کۆماریکوردستانە و بۆمان ماوەتەوە.

ساڵانێکی زۆر هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانبە حیزبی دێموکراتیشەوە، بۆ نەڕەنجانی «خاتری موبارەک»ی لایەنە ئێرانی‌یەشۆ ڤێنییە کا ن و لە ترسی تاوانبارکران بە جیاییخوازی، لە باسی کۆماری کوردستانو ڕابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، گرینگی‌یەکی ئەوتۆیان بە ئاڵایکوردستان نەدەدا، یا وەک شتێکی مێژوویی و پەیوەست بە ڕابردوو، باسیاندەکرد. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەن پارلمان و حکوومەتو، هەڵکردن و بە کارهێنانی «ئاڵای کوردستان» لە پارلمانی کورستان ڕەسمیەتیپێ درا، کولتووری بە کارهێنانی ئاڵا وەک هێمایەکی نەتەوەیی، سنوورەدەسکردەکانی بڕی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پێشوازی لەو ئاڵایەکرا. دیارە لە نێوان ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای پەسندکراوی پاڕلمانیکوردستان، هێندێک جیاوازی هەن. بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆرلە دانیشتوانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، وەک هێمایەکی گشتی بۆ هەموونەتەوەی کورد نەک ئاڵای بەشێکی کوردستان، ڕێزی لێ دەگرن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کەسانی خاوەن هەست و شوعووری‌نەتەوەیی بە هۆی ئەم ئاڵایەوە، بوونی کورد وەک نەتەوەیەک و کوردستان وەکنیشتمانی ئەو نەتەوەیە، دەردەبڕن. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی‌لە زیادبوون دایە و لە بۆنە نەتەوەییەکان و نەورۆز و تەنانەت جێژن و خۆشییبنەماڵەیی‌دا، تا دێ زیاتر خۆی دەردەخا. بایەخدان بە هێما نەتەوەییەکان وەکڕێگایەک بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و شانازی پێوەکردنیان، بەڵگەیەبۆ گەشە کردنی بیری نەتەوەیی و وشیاریی سیاسی کە بە دڵنیایەوە لە سەردەوڵەمەندیی خەباتی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان هەم لە ڕووی نێوەرۆک وهەم لە ڕووی شێوازەکانی تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی، کاریگەریی قووڵی دەبێ.

**دوێنێ و ئەمڕۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، پێکەوەبەستراون:**

بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی دابڕینی ئەمڕۆی کوردیڕۆژهەڵات لە ڕابردووە سیاسی و نەتەوەییەکەی دەدرێن، بزووتنەوەیسیاسی و حەقخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نایهەوێ و ناتوانێ پشت لەڕابردووی خۆی بکا. ئەگەر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماریکوردستان وەک سەرەتایەک بۆ بە کردەیی کردنی خەونەکانی بزووتنەوەی‌نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان قبووڵ بکەین، ئەوەی دوای ٧٠ ساڵ لە توێیتێکۆشانی جۆراوجۆری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕووناکبیران،لاوان و چالاکانی بوارە جیاجیاکاندا دەیبینین، بەردەوامی‌یە لەسەر ویستو ئامانجەکانی پێشوو. ڕزگاربوون لە ژێردەستی و هەڵاواردن و بێمافی، پێکهێنانیکیانی کوردیی خاوەن ئاڵا و سوپای میللی و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی،گەیشتن بە دەسەلاتێکی کوردیی خاوەن نێوەرۆکێکی ئینسانی و دێموکراتیک،هەتا ئێستاش لە دیارترین ویست و ئاواتەکانی توێژی سیاسی و چالاکی ڕۆژهەڵاتن. ئەوە کە زەبروزەنگ و سانسۆڕ و سزا و سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، دەیهەوێ بە هەر نرخێک بووە ئەم دەنگانە نەبیسترێن و ئەم خەونانە نەبیندرێن، هیچ لە ڕاستیی مەسەلەکە ناگۆڕێ.

بەم پێیە سەرەڕای سەرکوت و بەربەستی جۆراوجۆر لەسەر ڕێی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی، وشیاریی سیاسی و ئامادەیی خەبات و تێکۆشان بۆ ئاوات و ئامانجی ڕزگاریخوازانە لە گەشانەوە و بەرەوپێشچوون دایە. ئەم ڕاستی‌یە هەر لەو کاتەدا کە مایەی دڵگەرمی و شانازییە، ئەرکیش دەخاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆیاندا و بەرنامەدانانیان بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەیدانی‌دا حیسێبی تایبەتی بۆ بکەن.

# سپاس و پێزانین بۆ ئەندامان و دڵسۆزانی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**تێکۆشەرانی نێو ڕێکخستنە نهێنی‌یەکانی حیزب!**
**خەڵکی هۆگری پێشمەرگە و خوازیاری شەکانەوەی ئاڵای کوردستان!**

نزیکبوونەوەی٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵای کوردستان، جارێکی دیکە بۆوە بە هاندەری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی شەپۆلێک چالاکیی تایبەت بەم دوو بۆنەیە ئەنجام بدەن.

بۆ دوو حەوتوو دەچێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئیلامەوە تا پارێزگەی ورمێ، بووە بە مەیدانی چالاکی نواندنی دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان . شار و گوند و ڕێگاوبانەکان بە هیممەت و باوەڕی خەباتکارانە و نەتەوەیی هۆگرانی ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، بە دروشمی شۆڕشگێرانە و تراکتەکانی پێوەندیدار بە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان نەخشێندران.

چالاکی نواندنی دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و هۆگرانی ئاڵای کوردستان و هیزی پێشمەرگە، لە هەلومەرجێکدا بوو کە لە هێندێک شار و ناوچە، جارێکی دیکە پۆل پۆل لاوانی کورد لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکران. جگە لەمەش وەک هەموو جارێ کە بۆنە حیزبی و نەتەوەییەکان نزیک دەبنەوە، سوپای پاسداران و بەسیج و دەستوپێوەندە بەکرێگیراوەکانیان، هێز و ئیمکاناتی بەرینی خۆیان بۆ پێشگیری لەم جۆرە چالاکیانە خستبووە حاڵەتی ئامادە باش. لەگەڵ هەمووی ئەو زەبروزەنگ و هەڕەشە و چنگ و دەدان نیشاندانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دیسانیش ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دروشم و سروود و تراکت و پوستێری تایبەت بە ئاڵا و پێشمەرگە، گەشایەوە.

بە دڵنیایەوە، هاوکاریی خەڵک لەگەڵ تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی و پێشوازیی ئەوان لەو چالاکیانە، هەم دڵگەرمی و هاندانێکی بە نرخ بووە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، هەم ڕێخۆشکەر بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو جۆرە چالاکیانە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێز لە شەونخوونی و هەڵسووڕانی نەترسانە و ماندوویی و سەرما نەناسانەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەزدا دەگرێ و دەستخۆش و ماندوونەبوونیان لێ دەکا. سپاسی خەڵکی وشیار و بە هەڵویستی شار و گوندەکانی کوردستانیش دەکەین کە پشتیوان و هاوکار و هاندەری ڕۆلەکانیان لە هەڵمەتی تەبلیغاتیی تایبەت بەم یادەدا، بوون.

بەرینی و سەرکەوتوو بوونی چالاکی‌یەکان، هەڵگری ئەو پەیامە گرنگەیە کە زەبر و زەنگ و دڕندەیی دەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکان بە هەر ڕادەیەکیش بێ، ناتوانێ ڕێ لە چالاکیی دڵسۆزان و تێکۆشەرانی دێموکرات بگرێ، هەر وەک ناتوانێ ببێتە کۆسپ لەسەر ڕێی خۆشەویستیی ڕوو لە گەشەی هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دەستتان خۆش و سەرتان هەمیشە بەرز، دڵسۆزان و هۆگرانی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە!

بەو هیوایەی بەهاوخەباتی و هاوپیوندیی تێکۆشەران و خەباتکارانی هەموو بوارەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئازادی ئاڵای کوردستان و ڕۆلە پێشمەرگەکانیان بگرنەوە ئامێز.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**١٧ی دیسامبری ٢٠١٦**
**٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٥**

# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنفڕانسی حیزبە سۆسیالیستەکان لە شاری سلیمانی

**دۆستانی بەڕێزی بەشدار لە کۆنفرانسی هاوهەڵوێستی و هاوسەنگەری لەگەڵ خەڵکی کوردستان و عیراق لە دژی تیرۆر!**

هەمووان دەزانین کە «تیرۆر» و «توندوتیژی» خاوەنی مێژوویەکی کۆن و لەمێژینەن و لەگەڵ مێژووی ململانێ و هەوڵدان بۆ خۆداسەپاندن و سڕینەوەی ئەوی‌تر هاوسەردەمن. ئەو دەوڵەت و لایەن و گرووپانەی تیرۆر و تۆقاندیان کردۆتە کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە تایبەتی‌یەکانی خۆیان، زەرەر و زیانێکی قورس و گرانیان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیاندووە کە قەرەبووکردنەوەیان هەروا ئاسان نابێ.

هەرچەند هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمکردنەوە و سنووردار کردن و، لە کۆتایی‌دا بن‌بڕکردنی تیرۆر و توندوتیژی، هەر لە ئارادا بووە و ئێستاش درێژەی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو مۆتەکەیە نەبڕاوەتەوە و کۆمەڵگای جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خۆی قوربانی تیرۆرە و لە ڕێگای تیرۆر و ڕەشەکوژی‌یەوە زیانی زۆر گەورەی بەرکەوتووە و لەم پێوەندییەدا دوو ڕێبەر، شەهیدان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و بەدەیان کادر و پێشمەرگەو ئەندامی بە هۆی پیلانی تێرۆرستی‌یەوە لە دەست داوە، بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشانی دژی توندوتیژی و کردەوە و ڕێکاری تێرۆریستانە بووە.

حیزبی ئێمە لە هەر شوێنێک و بە هەر ئامانجێک، کردەوەیەکی تیرۆریستی کرابێ، ئیدانەی کردووە و، ئەم کردەوە دژە ئینسانی‌یەی بە هەموو شکڵ و شێوەیەکانیەوە ڕەت کردۆتەوە و ڕەد دەکاتەوە. شەهیدی ڕێبەرمان دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو وێڕای ئەوەی بەداخ بوو لەوەیکە، «کردەوە تیرۆریستەکان زیاتر سەرنجی بیروڕای گشتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشی»، هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستیی مەحکووم دەکرد. بە ڕاشکاوی دەیگوت: «تەیارە ڕفاندن، بۆمب دانانەوە و بارمتەگرتن هەر چەند دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبێ، بەڵام لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە مەحکوومە». حیزبی ئێمە لە گەڵ ئەوەیکە ناچار بووە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ دوو دەسەڵاتی سەرکوتکەر بکەوێتە بەربەرەکانێیەکی خوێناویی نابەرانبەرەوە، لەبەرانبەردا بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی، هەموو وەسیلەیەک و هەموو تاکتێکیکی بەرەوا نەزانیوە و، پێی وایە بەکارهێنانی تاکتیک و وەسیلەی ناڕەوای وەک «تیرۆر»، بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەی لە ئامانجی ئینسانی و دێموکراتیکەکانەی دوور دەکاتەوە. ئێمە لە کاتێکدا لەو کۆنفرانسەدا قسە لەسەر یەکخستنی هێزەکان بەرانبەر بە تێرۆر دەکەین، کە بەداخەوە تیرۆریزم گەورەترین هەرەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی و گیانی ئینسانەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە ئەوەندەی هێزە تیرۆریستەکان مەترسیدار و بەبەرنامەن، وڵاتان و هێزەکانی دژبەری تێرۆر، پلان وسیاسەتێکی ڕوون و شێلگیرانەیان بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ تیرۆریزمدا نیە!

ڕادیکاڵیزمی مەزهەبی کە هەوێنی تیرۆریزمی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئەم سەردەمەیە، یەکەم بڵێسەکانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەستاون و یەکەم قوربانییەکانیشی ئازادیخوازانی ئێرانی و بەتایبەت تێکۆشەرانی کورد بوون. ئێستا کە بەداخەوە تیرۆر بە چڕی ئەم ناوچەیەشی گرتووتەوە، ئەگەر بە جیددی و بەکردەوە، پێش بەدەستێوەردانەکانی حکومەتی ئێران لە ئاڵۆزی و پشێوەییەکان‌دا نەگیردرێ، نەتەنیا بەشێکی هەرە ئەساسی ئەم قەیرانانە چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو جیاوازیی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی وڵاتانی ناوچەکە کە ئێران بە پیلانگێڕی هەوڵی مودیرییەت‌کردنیان دەدا، زیاتر لە جاران بەرانبەر بە یەکتر ڕادەوەستن کە چارەسەرکردنیان ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، لانیکەم لەکورت ماوەدا زۆر بەزحمەتە. ئەگەر بە ڕوونی بێینە سەر عیراق و هەرێمی کوردستان، لە بەر هەلومەرجی قورسی سیاسی لە ئێران، تێکۆشەرانی دێموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناچار کراون، ژینگەی کارو تێکۆشانی سیاسی خۆیان جێ‌بهێڵن و پەڕیوەی عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان بن.

لەو وڵات و هەرێمەیش وەک زۆر وڵاتی ئورپایی بە ئاسانی دەستی ڕەشی تیرۆر دەگەیشتە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد و ئێرانی و دەیانیان لێ تیرۆر کراوە و، هەموو شوێنیکی ئەو وڵاتەیان لێ نائەمن کرا. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوام بە هەستیاری زۆرترەوە لە کردەوەی تێرۆریستیی لەم وڵاتە ڕوانیوە. کاتی خۆی کە داعش رووی کردە عێراق و ترس و تۆقاندنیان پەرە پێدا، حیزبی ئێمە هاتە سەرخەت و لە ڕاگەیاندراوێکدا لە ٥ی ئووتی ٢٠١٤، ئەو کردەوانەی بە توندی ئیدانە کرد. تەنانەت دوای هێرشی داعش بۆ پارێزگای نەینەوا و دەست بەسەرداگرتنی شاری موسڵ و پەلامار بۆ سەر کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئیدانە کردنی ئەو دەستدرێژیانە، ڕایگەیاند کە؛ «بۆ پاراستنی دەستەکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و خەبات بە دژی تیرۆریزم، ئامادەیە هێزی پێشمەرگەی بە چەک و ئیمکاناتی خۆیی بۆ یاریدەی هێزی پێشمەرگەی هەرێم بنێرێ و شان بە شانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، دیفاع لە خاکی کوردستان و دەستکەوت و ئەزموونی ئەم هەرێمە بکا».

هەر ئەو کات دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە؛ «هەڵوێستمان بەرامبەر بە تیرۆر و تیرۆریزم بۆ هەموو لایەک ئاشکرا و هەر لەو کاتەدا نەگۆڕە. ئێمە گەورەترین زەبر و زەرە و زیانمان لە تیرۆر و تیرۆریزم بەرکەوتووە. هەر بۆیە تیرۆر لە هەر کوێ و لە هەر کاتێکدا و بەدەستی هەر کەس و دژی هەر کەس بێ، بەکردەوەیەکی دژی ئینسانی دەزانین و مەحکوومی دەکەین. بە شێوەیەکی ڕوونتر شەر فرۆشتنی تاقمی تیرۆریستی داعش و دەستدرێژی و پەلاماریان بۆ سەر ناوچە کوردستانی‌یەکان بەتوندی مەحکووم دەکەین». ... ل٣

درێژەی

# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنفرانسی حیزبە سۆسیالیستەکان لە شاری سلیمانی

هەر ئەو کاتیش وێڕای داخوازیمان لە هێزە نیشتمانییەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە پێکەوە و بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە بەگژ نەخشەو پیلانی ئاژاوە گێرانەکانی ئەو گرووپە دژی ئینسانییەدا بچنەوە، دەستخۆشیمان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دالدەدان و حاوانەوەی ئاوارەکانی شەڕ کرد و، لە هەمان کاتدا دلگرانیی خۆمان بە بێ موبالاتی حکومەتی ناوەندیی عێراق بە نیسبەت خەڵکی ئاوارەی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەربڕی. لە کۆتایی دا ئێمە لامان وایە ئێستا کە تیرۆر و تیرۆریزم بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و، ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی مەترسی جیدی کردووە، لەسەر هێز و وڵاتانی بەرەی دژە تیرۆرە کە تیرۆریزم لە تەواوەتی خۆی و لەهەر شکڵ و شێوەیەکدا مەحکووم بکەن و بە جیددی لە بەرامبەریدا رابوەستن. بۆ ئەم جدییەتەیش ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوباوەڕەداین کە گوشارخستنە سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرتەسکردنەوەی ئەم رێژیمە لە دەستێوەردان و پشتیوانیی لە تاقم و گرووپە توندرەوە مەزهەبییەکان پێویستە. لە هەرێمی باشووری کوردستانیش پێویستە هێزەکانی دژە تیرۆر و پێشمەرگەی کوردستان زیاتر پۆشتە پرچەکتر بکرێن تا باشتر و ئاسانتر بتوانن بەرەنگاری تیرۆر و تیرۆریزم ببنەوە. ئەو کاتە لانی کەم لەو ناوچەیە تیرۆریزم پێشی پێ دەگیرێ و کۆنترۆڵ دەکرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢١ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی**

## لە نۆرویژ رێز لە پێشمەرگە و ئاڵای کورستان گیرا



رۆژی شەممە ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، کومیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، بە هاوکاریی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کلتووریی کوردیی «رۆمەریکە»، بۆ رێزگرتن لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان، بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رێورەسمێکی بەشکۆیان بەڕێوە برد و رێزیان لە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان گرت.

سەرەتا پێشکەشکاران هاوڕێیان «بەفرین رۆستەمی» و «سۆران مەحموودی» دەستپێکی رێورەسمی رێزگرتن لە رۆژی ئاڵا و پێشمەرگەیان راگەیاند و بەرنامەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان هاوڕێ «سەردار مەرەسەنە» بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کومیتەی نۆرویژ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکە کۆڕی سروودی یەکیەتی لاوان بە سروودی "هەڤاڵی پێشمەرگە" جۆش و خرۆشێکی تایبەتییان بە رێوڕەسمەکە بەخشی. دوای ئەو سروودەش، پەیامی هاوبەشی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کلتووری «رۆمەریکە» لە وڵاتی نۆرویژ، لە لایان هاوڕێ «جەعفەر رەسوڵی» بەرپرسی یەکێتی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات خوێندرایەوە .

دوابەدوای پەیامی یەکیەتیەکانی لاوان و ژنان و کۆمەڵەی کلتووری، سروودی «کوردستان، تۆی ژیان» لە لایەن کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

چەند تابلۆیەکی هونەریی تیپی هەڵپەڕکێی یەکیەتی لاوان، بڕگەیەکی جوان و رازاوەی دیکەی رێوڕەسمەکە بوو.

## بەرێوەچوونی رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، لە وڵاتی فینلاند



بۆ رێز گرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و رۆژی ئاڵای کوردستان رۆژی شەممە رێکەوتی ١٧ی١٢ی٢٠١٦ ، لە شاری تورکوی فینلاند بە بەشداری جەماوەرێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند رێورەسمێکی بەشکۆ بەرێوە چوو. دوابەدوای پەیامی کۆمیتەی فینلاند کە لە لایەن هاورێ سەید ئەحمەد حوسینی خوێندرایەوە، پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات لە لایەن هێمن فاروقی و پەیامی پیرۆزبایی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان لە لایەن کاک ئەنوەر خویندرانەوە، هەروەها کۆمەڵە حیزبی کومونیستی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لە فینلاند وێرای ناردنی برووسکەی پیرۆزبایی بۆ بەرێوەبەری کۆمیتەی گشتیی حیزب لە فینلاند، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیشتان بەشداری رێورەسمەکە بوو. جێی ئاماژەیە کە لە نێوئاخنی بەرنامەکان‌دا هەر یەک لە بەرێزان سەید خدر میرسەیدی و مامۆستا نزار لە وەسفی پێشمەرگەدا شێعر و پەخشانیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

## دیداری هاوبەشی نێوان یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان



سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە، ٢٠١٦/١٢/٦ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی رێکخراو، لە هەولێر سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی پایەبەرز بە سەرپەرستی سکرتێری رێکخراو، بەرێز تەیمور عەبداڵ پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا شاندی خانەخوێ وێڕای بەخێرهاتنی شاندی لاوان، خۆشحاڵی خۆیان بەم دیدارە دەربڕی.

لەم دانیشتنەدا پێشەوا عەلی پوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان باسی لە دۆخی هەنووکەیی ناوچە و زەروورەتی یەکخستن و یەکیەتیی هێزەکانی لاوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان کرد. هەر لە درێژەی باسەکەیدا سکرتێری گشتیی لاوان گوتی: «دۆخی ئێستای ناوچەکە کۆمەلێک دەرفەت و قەیرانی لێدەکەوێتەوە و ئەگەر هێزە کوردییەکان یەکگرتوو بن دەتوانین ئەم دۆخە وەک دەرفەت بەکاربێنین و دوورە دیمەنی سەربەخۆیی روونە، هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی لاوان لە هەرچوار بەشی کوردستان حیزبەکانیان لە هەستیاری ئەم دۆخە وە ئاگا بێننەوە و دابەش بوون بەسەر بلۆکبەندییەکانی ناوچە ماهیەتی تێکۆشانی نەتەوەییمان کەمڕەنگ دەکاتەوە، هەر بۆیە دەبێ هەموومان لەدەوری هێما و سیمبولە نەتەوەییەکان کۆبیینەوە و ئاڵا و سروودی میللی و هێزی پێشمەرگە و خاکی کوردستان بکەینە بنەمای کاری هاوبەش و پێویستە بە چالاکی و تێکۆشانی هاوبەش لاوانی هەموو بەشەکان لەدەوری یەک کۆ ببینەوە».

پاشان بەڕێز تەیمور عەبداڵ سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان وێڕای پشتیوانی لە دەستپێشخەرییەکەی شاندی لاوانی رۆژهەڵات، باسی لە مێژووی هاوبەشی کوردانی باشوور و رۆژهەڵات کرد و ئامادەیی رێکخراوەکەیانی بۆ هەرچەشنە چالاکی‌یەکی هاوبەش دەربڕی. بەهێزکردنی پێوەندییەکانی دوو لایەن و پشتیوانی لە دۆزی رەوای لاوانی رۆژهەڵات باسێکی تری بە رێز تەیمور عەبداڵ بوو.

پاش دوو کاتژمێر دیالۆگ لە نێوان ئەندامانی شاندی هەردوولا و تاوتوێ کردنی دۆخی لاوان و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان، دیدارەکە کۆتایی پێهات.

## بارودۆخی مافی مرۆڤی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران خراپتر بووە

دامەزراوە مەدەنی‌یەکانی ئێران، ئەندامانی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان هاندا کە لە بەرژەوەندیی بڕیارنامەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ئێران دەنگ بدەن.

بەپێی راپۆرتی سەرچاوە هەواڵدەرییەکان، ٢٩ رێکخراوی بەرگریکاری مافی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکی هاوبەش‌دا، خوازیاری پاڵپشتیی دووبارەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی مافی مرۆڤ ئێران بوون.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: «سەرەڕای کرانەوەی دیپلۆماتیک و بازرگانی لە دوای جێبەجێ کرانی بەرجام، مافی مرۆڤ دەبێ نیگەرانیی یەکەمی وڵاتانی خوازیاری پەرەپێدانی پێوەندیی ئابووری و دیپلۆمات لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بێ. بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران خراپتر لە رابردووە. لەکاتێکدا دەوڵەتی ئێران بەدوای پێوەندی قووڵتر لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌یە، دەرفەتێکی باشە تاکوو خوازیاری باشترکردنی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بین.

بەیاننامەی ٢٩ رێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، هیواخوازە کە کاتێ دەنگدان بۆ ئەو بڕیارنامەیە لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی زیاتری لێبکرێ کە لە نێوەڕاستی مانگی دێسامبر دەنگی بۆ دەدرێتەوە.

## رێکخراوی پەیامنێرانی بێ‌سنوور: تورکیە گەورەترین زیندانی رۆژنامەوانان لە ساڵی ٢٠١٦دا بووە

رێکخراوی پەیامنێرانی بێ‌سنوور رایگەیاند، ژمارەی رۆژنامەوانی دەسبەسەرکراو لە جیهان‌دا لە ساڵی ٢٠١٦دا بە تایبەتی لە تورکیە بەرزبۆتەوە و لە سەرووی لیستەکە دایە. ئەو رێکخراوە لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی کە رۆژی سێشەممە، ٢٣ی سەرماوەز، لەسەر ماڵپەڕەکەی بڵاویکردۆتەوە، نووسیویەتی ژمارەی رۆژنامەوانان لە زیندانەکانی جیهان گەیشتووەتە ٣٤٨ رۆژنامەوان، لەوانە زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لە زیندانەکانی تورکیە دان. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا کە ئەو بەرزبوونەوەیە لەچاو ساڵی ٢٠١٥ بە رێژەی ٦٪ زیادی کردوە. بێجگە لە وڵاتانی جیهان، گرووپ و تاقمی جیاجیاش رۆژنامەوانیان دەسبەسەر کردووە و هەندێکیان وەکوو بارمتە گرتوون، لەوانە داعش ٢١ رۆژنامەوانی بردووە کە ١٠ کەسیان لە عێراق بوون، حوسی‌یەکانی یەمەن ١٥ رۆژنامەنووس، بەرەی نوسرە و باڵەکانی تری قاعیدە ٣ کەس و لایەنی نەزانراویش ١٣ رۆژنامەوانیان بردووە.

ئێرانیش لە ریزبەندیی ئەو رێکخراوەیە لە پلەی ١٦٩ دایەو دۆخێکی خراپی هەیە. ئێران، میسر و چین، دوو لە سێی ئەو ٣٤٨ رۆژنامەوانەیان خستۆتە زیندانەوە.




**دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان»، کە لە لایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشکەش کرا:**

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**کادرو پێشمەرگە تێکۆشەر و فیداکارەکانی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەکان!**

بە بۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵای کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و، ڕۆڵە بەئەمەگ و گیان لەسەردەستەکانی نەتەوەکەمان، واتە پێشمەرگە گیانبازەکانی کوردستان بە تایبەتی دەکەین.

٢٦ی سەرماوەز(١٦ی دیسامبر) ڕۆژێکی گرینگە لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا. ٧١ ساڵ لەمەوپێش بە دەستی ڕۆڵە دڵسۆز و بە ئەمەگەکانی گەلەکەمان ئاڵای پیرۆزی کوردستان وەک هێمایەکی نەتەوەیی لە بەشێک لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکرا و شەکایەوە. بە مەودایەکی کورت پاش ئەم ڕووداوە، ناوی «پێشمەرگە» لەسەر خەباتکار و بەرگریکاری نیشتمانیی کورد دانرا. «هێزی پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان» لە داهێنان و دەسکەوتە هەرە بەنرخەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەدن. لەو کاتەوە «ئاڵا» و «پێشمەرگە» بوونە شوناس و پێناسەی نەتەوەییمان. ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە بوونە سومبول و هێمای خەبات و بەرگری و تێکۆشان و نەسرەوتن. بوونە هەوێنی هاوکاری و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد و هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە بەشە جیاوازەکانی نیشتمانەکەمان. ئەم هێمایانە وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار ئاسمانی کوردستانیان ڕوون کردۆتەوە و بروسکەئاسا دڕیان بەشەوە زەنگی زوڵم و تاریکی داوە.

بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانە و ئامانجی ڕزگاریخوازانە، هاندەری سەرەکیی هێزی پێشمەرگە بووە بۆ پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمان و، گیانبەختکردن لەم ڕێگایەدا. پێشمەرگە وەک هێزێکی وڵاتپارێز و ڕزگاریدەر لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لە پێناو خاک و وڵاتەکەی‌دا هەمیشە وەک قەڵایەکی لەگیراننەهاتوو بەرگری کردوە و نەیهێشتووە دوژمنانی گەلەکەمان بە نیاز و خەونە چەپەڵەکانیان، کە تێکشکاندنی خەباتی ڕزگاریخوازی و لەنێوبردنی شوناس و کلتووری نەتەوەییمان بووە، بگەن. ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم خاک و نیشتمانە، نەوە دوای نەوە لە پێناوی پاراستنی ماف و ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا بوون بە پێشمەرگە و فیداکارییان کردوە و ئامادە بوون لەم ڕێگایەدا بمرن، بەڵام هەرگیز تەسلیمی زۆرداری و بندەستی نەبن.

لە قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیی گەلەکەشماندا پێشمەرگە هەر وا هێما و ڕەمزی خۆڕاگریی نەتەوەی کورد بەرامبەر زۆرداریی زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کوردە. جگە لەمەش نەک هەر لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی ناوەندەکانی بڕیاردەری جیهانیش هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی ئاشتیخواز و داکۆکیکاری ئازادی پێناسە دەکرێ و، ڕێز لە ئازایەتی و لەخۆبردوویی دەگیرێ.

**هۆگرانی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان!**
**بەشدارانی بەڕێزی یادی ٢٦ی سەرماوەز!**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و ئەم ناوچەیەی کە کوردستان و نەتەوەی دابەشکراوی کوردی تێدا هەڵکەوتووە بە تایبەتی، لە ئاڵۆزترین ناوچەکانی جیهانن. هاتنی داعش وەک هێزێکی توندڕەو و دواکەوتوو و دژەمرۆیی بۆ نێو گۆڕەپانەکە، ئەم ناوچە پڕکێشەیەی هێندەی دیکە ئاڵۆزتر کردوە. ناکۆکی و ململانێی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و حوزووری زلهێزەکانی جیهان و وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند، دۆخی ڕووداوەکانی بە ئاقارێکی دیکەدا بردوە. لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا ئەم ناوچانە بوونە شوێنی تەراتێن و پێکدادانی توند و خوێناویی چەندین هێز و لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. قوربانیانی سەرەکیی ئەم شەڕە خەڵکی بێدیفاع و ژن ومنداڵ و پیر و پەککەوتوو بووە. لە ئاکامی ئەم شەڕ و ململانێیانەدا سەرەڕای قووڵتر بوونەوەی کێشە سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی و مەزهەبیەکان لە نێوان پەیڕەوانی ئایین وئایینزا جیاوازەکان‌دا، ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتانە بە تەواوی ڕووخاوە. بە میلۆنان کەس ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ بوون، بە سەدان هەزار کەس کوژران و بریندار بوون و بوون بە دەستەچیلەی ئەم شەڕە، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکیان هەبێ.

بەشێکی زۆری کوردستان لە باشوور و ڕۆژئاواوە لەنێو جەرگەی ئەم کارەسات و ڕووداوانەدا بوون و هەن. لە ئاکامی هێرش و پەلاماری داعش بۆ سەر گەلی کورد لەم دوو بەشەی کوردستان بە هەزاران کەس گیانیان بەخشیوە یا بە دیل گیراون و بەدەیان هەزاری دیکە ئاوارە بوون. بەڵام سەرەڕای ئەم کارەساتە دڵتەزێنانە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە و بەرگریکاری کورددا، داکۆکی‌یان لە خاکی کوردستان و نەتەوەکەیان کردوە، پاشەکشەیان بە هێزە پەلاماردەرەکان کردوە و ناوچە داگیر کراوەکانیان ڕزگار کردوە و هەر وا وەک شوورەیەکی پۆڵایین لە بەرامبەر پەلاماردەرانی خاکی کوردستان‌دا ڕاوەستاون.

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوکانی ئەم ناوچە پڕ ئاڵۆزییەدا جێگای سەرنجە، هەوڵی هێندێک لە دەوڵەتانی ناوچەیە کە بە ناوی پشتیوانی لە خەڵکی عێراق و سووریە لە بەرامبەر داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە، هاتوونە نێو ڕووداوەکان و بوون بە لایەنێکی شەڕ و ململانێیەکان. ئەو دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن ئەم هەلەی کە بۆ کورد ڕەخساوە لەباری بەرن و کۆسپ لەسەر ڕێگای گەشە کردن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و ناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و قایم کردنی جێی پێی خۆیان ئامادەن هەر کارێک بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ئاژاوەگێڕی و دەستتێوەردانی کاروباری وڵاتانی ناوچە و تێرۆر و تێرۆریزم بەشێکی سەرەکی لە ڕابردوو و نێوەرۆکی ڕێژیمەکەی پێک دێنن، ئێستا بۆتە بەشێک لەو شەڕە و بە ناوی شەڕی دژی تیرۆر و پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان، پشتیوانی لە دیکتاتۆرترین و خوێنڕێژترین ڕێژیمی ئەم ناوچەیە دەکا، و ناکۆکی، ململانێ و شەڕی مەزهەبی لە ناوچەکە دا پەرە پێ دەدا.

سەرەڕای هەموو پیلان و هەوڵەکانی دەوڵەتانی دژە کوردی ناوچە، کورد یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانە کە هێزە جیهانی و ناوچەییەکان ناتوانن حیسێبی بۆ نەکەن. وەک دەبینین لە شەڕی جیهانیی دژە تیرۆردا نەتەوەی کورد، هاوپەیمان و هێزێکی سەرەکی‌یە و ئەم ڕاستی‌یە و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە وایان کردوە، لە ئاستی نیودەوڵەتی‌دا، پرسی کورد و نەتەوەی کورد،پشتیوانییان لێ بکرێ. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە لە مێژووی پرسی کورددا کە دەرفەتێکی باشی بۆ ئەم نەتەوەیە ڕەخساندوە تا بتوانێ بۆ خۆشی قسەی لەسەر چارەنووسی خۆی هەبێ. بەڵام ئەگەر فاکتەرە دەرەکی‌یەکان یارمەتیدەر و هاوکاری ئەم هەلومەرجە بن، بەداخەوە فاکتەرە نێوخۆییەکان لە بەرژەوەندی دۆخەکەدا نین. نایەکگرتوویی و نەبوونی هاوکاری لە نێوان هێز و لایەنە سیاسی‌یەکان و لەمەش خراپتر ململانێی زیانبار، وایان کردوە بەم جۆرەی پێویستە سوود لەم هەلە زێڕینە وەرنەگیرێ. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە یەکگرتووییەکی نیوخۆیی لە ئاستی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانەتی‌یەکی نەتەوەیی لە ئاستی هەموو کوردستان بە تایبەتی لە ئاستی هێزە سیاسی‌یە سەرەکی‌یەکان‌دا پیویستە، بۆ ئەوەی هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بە قازانجی پرسی کورد بقۆزرێتەوە. ئەگەر ئەم یەکگرتوویی و هاوپەیمانەتی‌یە وەدی نەیە، بەرپرسیارەتی‌یەکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی هێزە سیاسیهیەکانی کوردستان و مێژوو زۆر بێ‌بەزییانە قەزاوەتیان لەسەر دەکا و مەسەلەی کوردیش بۆ قۆناغێکی نادیار دوا دەکەوێ.

**خەڵکی پێشمەرگەپەروەر و ئاڵاپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

لە ٧١ ساڵەی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناودێر کردنی تێکۆشەری چەکداری کورد بە ناوی پێشمەرگە، بە پێویستی دەزانین گەرمترین ڕێز و پێزانینمان پێشکەشی ئێوە بکەین کە لە ماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا، تێچووی بەردەوامیی ڕێگا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان لەسەر شانی ڕۆڵەکانی ئێوە بووە. ئاڵای کوردستان لە هەناوی خەبات و تێکۆشانی ئێوە بۆ مافە نەتەوەییەکانتان بە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا، لەدایک بووە. هەروەها هێزی پێشمەرگە کە لە ئامێز و داوێنی جمهوورییەکەی زێد و نیشتمانی ئێوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، هاتە نێو گۆڕەپانی خەبات. بۆ زیاتر لە ٧٠ ساڵ دەچێ کە ئێوە لە پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دریغتان نەکردوە. هاندەری ڕۆڵەکانتان بوون تا لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا، بۆ دووبارە کردنەوە و ژیاندنەوەی هیوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، خەبات بکەن و ببن بە ئەندامی حیزب و پێشمەرگەی کوردستان. چەکی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەکەیان بکەنە شان و ئاڵا جوانەکەی کۆماری کوردستان شەکاوە ڕابگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵنیایە کە ئاوات و هیوای ڕزگاربوون لە بندەستی و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان، هیوا و ئارەزووی زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو جموجۆڵ و چالاکی‌یانەی ئێوە بۆ پاراستنی شوناسی خۆتان و بەرگری کردنتان لە زمان و خاک و کولتووری خۆتان، هەروەها دەنگ هەڵبڕینتان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی و زمانی، تەواوکەر و درێژکراوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەیە کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە لە پێناوی بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە ئێران، بەڕێوەی دەبەن. ئەگەر ئەندامانی حیزب بە شەکاندنەوەی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و کاری شۆڕشگێڕانە، دەیانەوێ ئیرادەی گەلەکەمان بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بنوێنن، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوون لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا، پەیامی کۆڵنەدان و بەردەوامی لە خەبات تا گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی بە گوێی ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێ، ئەگەر تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە مەیدان و بوارەکانی دیپلۆماسی و مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندن‌دا، دەنگی ستەملێکراوی و حەقخوازانەی ئێوە بە گوێی جیهانی‌یەکان دەگەیەنن، ئێوەش پێویستە لە نێوخۆی وڵات، بە گوێرەی ئیمکان و بارودۆخی نیوخۆ، هەر چی زیاتر بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانتان خەبات بکەن.

ئێمە پێمان وایە شوناس و ئامانج و هێما نەتەوەییەکانمان دەتوانن هەم لە نێوان تاکەکانی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم لە نێوان هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە، هەروەها لە نێوان لایەنە سیاسی‌یەکان و کۆمەڵانی خەڵک‌دا، هەوێنێکی بەهێز و بەستێنێکی لەبار بن بۆ هاوکاری و یەکگرتوویی.

بۆیە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان‌دا، بانگەوازی یەکیەتی و پەیامی پێویستیی یەکگرتن و پێکەوە بوون بەرەورووی هێز و لایەنە سیاسی‌یەکان و هەروەها بەرەورووی ئێوە چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە.

هاوکاری و یەکگرتوویی هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان زامنی بەرەوپێشچوونی خەبات و تێکۆشانی میللی ـ دیموکراتیکی گەلەکەمان و دەستەبەرکەری ماف و داخوازە ڕەواکانی خەڵکی زوڵملێکراو و بەش مەینەتی کوردستانە. هەر بۆیە هیوامان ئەوەیە بانگەوازی ئێمە بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی و هاوکاری لە لایەن هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانەوە، پێشوازیی لێ بکرێ. تەنیا ڕێگای لەپەراوێز دەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لە ئێران، ئەوەیەکە هەم هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە، لە ژێر چەتری هاوپەیمانەتییەک‌دا یەکبگرن و پلان و بەرنامەی جیددی بۆ تەنگ هەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی بخەنە ڕوو، هەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بێنە مەیدان و بە سوود وەرگرتن لە خەباتی هێمنانە، مەدەنی و جەماوەری و هەر شێوەیەکی گونجاوی دیکە، داوای مافەکانی خۆیان بکەن و ئەم ڕێژیمە ناچار بە پاشەکشە بکەن.



> ‹‹تەنیا ڕێگای لەپەراوێز دەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لە ئێران، ئەوەیە کە هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە، لە ژێر چەتری هاوپەیمانەتییەک‌دا یەکبگرن و پلان و بەرنامەی جیددی بۆ تەنگ هەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی بخەنە ڕوو››

**پێشمەرگە قارەمانەکان!**
**لاوانی دڵ پڕلە خۆشەویستیی ئاڵای کوردستان!**

لەم ڕۆژەدا بە گەرمی پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە سەنگەری بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان و لە پێناوی شەکانەوەی ئاڵا و بەرزکردنەوەی ناوی کوردستان‌دا، خەباتیان کردوە و خەبات دەکەن. سڵاو بۆ گیانی پێشمەرگە شەهیدەکان و سڵاو بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان. سڵاو بۆ ئەو لاوانەش کە ناهێڵن چەک و ئاڵای دەستی شەهیدەکان، بکەوێتە سەر ئەرز و سەنگەر و جێگای بەتاڵی شەهیدەکان پڕ دەکەنەوە.

جەژنی ئەمڕۆمان هاوکاتە لەگەڵ جەژنی تەواوبوونی دەورەی ٢٢٠ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب. هەر ئەمڕۆ پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بە ڕەسمی هاتنە ریزی پێشمەرگەکانی دێموکرات. بە دەرفەتی دەزانین لەم بۆنەیەدا پیرۆزبایی لەوانیش بکەین و سەرکەوتنیان لە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی‌دا بە ئاوات بخوازین.

هەر شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان،

سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان،

ـ بەردەوام و پتەوتر بێ پەیوەندیی نێوان هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

جارێکی دیکە ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو دڵسۆزان و ئۆگرانی ئازادی و ڕزگاری بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکان پیرۆز بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی**

# خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە ڕۆژەڤ

## (بەشی یەکەم)



ئاسۆی حەسەنزادە

(٢٦)ی سەرماوەزی هەر ساڵێک بیرەوەریی مێژوویەکی پڕشنگدار لە یادەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو دەکاتەوە، مێژوویەک کە دواتر بوو بە هەوێن و بنەمای بەشێکی گرینگ لە هێماسازیی نەتەوەیی سەرجەم کورد کە بریتییە لە «پێشمەرگە» و «ئاڵای کوردستان». لەبەر ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردوە، ئەو بۆنەیە هەروها دەرفەتی ئاوڕدانەوە و بیرکردنەوە لە ڕابردوو و ئایندەی ڕەهەندی هەرە بەرجەستە و ڕەنگە بتوانین بڵێین بڕیاردەری بزاڤی مافخوازانەی کورد واتە خەباتی چەکدارییە.

لەم وتارەدا بە کورتی هەوڵ دەدەین هەڵوێستەیەک لەسەر بنەما گشتییەکانی شەرعییەتی خەباتی چەکداری، ئامانج لەم شێوازە لە تێکۆشان لە کانتێکستی خەباتێک کە حیزبی دێموکرات تا ئێستا بەڕێوەی بردووە، پێوەندیی نێوان ئەم شێوازە لە خەبات لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات، گرینگیی هەلومەرج لە بردنە پێشی ئەم جۆرە لە خەبات، ڕوانینی ئەکتەرەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ ئەم شێوازە لە خەبات و هتد بکەین.

بنەماکانی شەرعییەتی خەباتی چەکدارانە

بەدرێژایی چەندین دەهە لە مێژووی خەباتی ڕێکخراوی چەکدارانەی کورد لە ئێران، گوتاری زاڵ لە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمەدا بەتایبەتی لە بەستێنی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەبارەت بە هۆکار و پاساوی پەنابردن بۆ خەباتی چەکدارانە بریتی بووە لە بەرگریی ڕەوا لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیی نیزامیی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان.

نەک هەر بەرگری لەخۆکردنی مرۆڤەکان لە بەرامبەر هێرشی فیزیکیی زۆردار و چەوسێنەران بۆ سەر ئەوان، بەڵکوو هاتنەدەست و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم بەگشتی مافێکی سەلمێنراوی مرۆڤەکانە. ئەو مافە لە مێژووی نوێدا و بەتایبەتی لە نەریتی فەیلەسوفەکانی «لومیەر» بریتییە لە دژکردەوەی بەرگریکارانەی هاوڵاتییان بەدژی زیادەڕەویی حاکمان. ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیی شۆڕشی فەڕانسە(١٧٨٩) بەرەنگاربوونەوەی ستەم وەک یەکێک لەو چوار مافە بنەڕەتی و سروشتییەی مرۆڤ دەناسێ کە هیچ هەلومەرج و زەمانێک ناتوانێ بیانسڕێتەوە (ماددەی ٢)لە مێژووی نوێی کورد لە ئێراندا، ئەگەر بەرەنگاریی چەکدارانەی سنووردراری تێکۆشەرانی کورد و حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیمی شاهەنشاهی (تەنانەت لە ڕەهەندە سیرفەن پۆلیسییەکەیدا) بێگومان دەچێتە ئەم خانەیەوە، ئەوە لەدوای دەرچوونی فەتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بەدژی خەڵکی کوردستان و جێبەجێکرانی بەربڵاو و بێبەزەییانەی ئەم فەتوایە لەم ڕێکەوتە بەولاوە و بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی دەهەی شەستی هەتاوی دایە کە پێویستی و ڕەوایی خۆڕاگریی چەکدارانەی هێزە کوردییەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتی تارانی باشتر لە هەر کاتێک سەلماند و چەسپاند. لەو پێوەندییەشدا ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە لایەن تاقمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەوە بە هەڵوەشاوە ڕاگەیەنرا و تێکۆشانی سەرجەم هێزە نەیارەکان قەدەغە کرا، یان ئەو باسە کە هێزە سیاسییەکانی کورد لە ئێران لە کاتی دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی نوێ دەکرا و دەبوو بە چ سیغەیەک لە جێبەجێکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان ڕازی بن، هیچ لە شەرعییەتی ئەو خۆڕاگرییە چەکدارانەیە ناگۆڕێ.




بەرگریی ڕەوا نەک هەر وەک دژکردەوەی تێکۆشەری چەکداری کورد بۆ دیفاع لە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، بەڵکوو لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا کە شۆڕشگێرانی کورد بەبێ ئەوەی بۆخۆیان دەسپێشخەری ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان بووبن کەوتوونەتە بۆسەی دوژمن یان هێرشیان کراوەتە سەر، پاساوێکی بێئەملاوئەولا و قسەهەڵنەگر بۆ شەرعییەتی پەنابردنی ڕۆڵەکانی کورد بۆ چەکە. لەم حاڵەتەی دواییدا لەڕاستیدا بەرگریی چەکدارانەی ڕۆڵەکانی کورد شتێک نیە جگە لە دەرەنجامی مامەڵەی دژمنکارانە و دژەمرۆیی هێزە نیزامییەکانی دەوڵەت لەگەڵ ویستی سروشتیی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی مافە سیاسییەکانیان لە ڕێگای حزوور و تێکۆشانی سیاسی لەنێو خەڵکی خۆیاندا.

بەڵام بەرگریی ڕەوا تەنیا بنەمای کردەوەی چەکدارانەی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە نیە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و پشتی پێ ببەسترێ. هەروەک لە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە نیوەی دووەمی دەهەی شەستی هەتاویدا لەو پێوەندییەدا دەردەکەوێ(تەنانەت پێش ئەودەمیش) ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە لەپێناوی ناچارکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ دانپێدانانی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی و ملدان بۆ چارەسەری ئەو پرسە بە ڕێگای وتووێژ، دەستی هێزی پێشمەرگەی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەکدارانەی دەسپێشخەرانەش بە قەبارە و تاکتیکی جۆراوجۆر ئاوەڵا کردبوو. لە لایەکی دیکەوە، مادام خواست و خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات چ بە ماهیەتی مێژوویی خۆی و چ تەنانەت لە بەستێنی کەلامی و گوتاریدا پێش هەموو شتێک لەسەر پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان ڕاوەستاوە، پێویستە سەرجەم سازوکاری خواست و خەباتێکی لەم چەشنە لە گۆشەنیگای خاک و سەروەری و ڕاستکردنەوەی سیاسەتی داگیرکارانەوە سەیر بکرێ. هەربۆیە جێی خۆیەتی بنەمای خەباتی چەکدارانە تەنیا بە بەرگریی ڕەوا نەبەسترێتەوە بەڵکوو ڕەوایی خەباتی چەکدارانە بەشێوەیەکی لەسەرپێخۆڕاوەستاو(قائم بالذات)یش کە سەرچاوەگرتوو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسە و نەک تەنیا وەک دژکردەوە لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژی، بەرجەستە بکرێتەوە.

سەرەڕای واقیعی پڕ لە توندوتیژی و پێشێلکاری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مۆدێرنە. ئەم ئەسڵە زۆر جار لە لایەن دەوڵەتانی سەرەڕۆوە بۆ مەحکومکردنی ڕەهەندی چەکدارانەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکان بەکار براوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە مادەی ٤-٢ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان پەنابردن بۆ شەڕ تەنیا لە دەوڵەتان قەدەغە دەکا و پێوەندیی بە بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانەوە نیە. لەوەش زیاتر، بە لەبەرچاو گرتنی جێکەوتنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕەوتی ڕوو لە ڕزگاریی موستەعمەرەکان، لە ساڵەکانی شەست و حەفتای زایینیدا دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بە پشتیوانیی دەوڵەتانی سۆسیالیستی کۆمەڵێک بڕیارنامەیان بە پەسند گەیاند کە بەپێی وان ئەو گەلانەی وا بۆ ڕزگاریی خۆیان لە ژێردەستەیی خەبات دەکەن بۆیان هەیە لەو پێناوەدا پەنا بۆ شەڕیش بەرن و تەنانەت پشتیوانیی دەرەکیشی (چ بە شێوەی مەعنەوی و سیاسی و چ بە شێوەی ماددی و لۆژیستیکی) بۆ وەدەست بێنن. ئەمە لە گرینگترین بڕیارنامەی ئەو سەردەمەدا کە لەلایەن دیوانی دادی نێودەوڵەتییەوە وەک نوێنگەی نەریتی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دراوە واتە بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠ لەسەر پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێوەندیی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی هەیە چونکە لەوێدا بە ڕوونی ئاماژە بە خۆڕاگری و خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری وەک ڕیزپەڕێکی ئەسڵی قەدەغەبوونی پەنابردن بۆ شەڕ کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو ئەرک و ئیلتزاماتە کە قانوونی نێونەتەوەیی بەشەردۆستی (واتە قانوونی مافی مرۆڤ لە کاتی شەڕ و بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارانەدا) دەیخاتە سەر شانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان و بەگشتی بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتیی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان، بە مانای ئەوەیە کە یاسای نێونەتەوەیی لانیکەم بەشێوەی ناڕاستەوخۆ قبووڵی ئەو واقیعە دەکا کە کۆمەڵێک بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری لە جیهاندا هەن کە لە نەبوونی بەستێنێکی لەبار بۆ بردنەپێشی پرسی خۆیان لە ڕێگای سیاسی و دێموکراتیکەوە ناچارن پەنا بۆ مێتۆدی چەکدارانە ببەن.

ئەگەر قبووڵمان بێ کە کوردیش گەلە و خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، ئەو وەختە بەوێنەی بزاڤی گەلانی ژێردەستی ئیستعمار، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردیش هەقی خۆیەتی کە ئەگەر هیچ ڕێگایەکی بۆ بردنەپێش و جێبەجێکردنی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکی داخوازە ڕەواکانی بۆ نەهێڵرێتەوە، نەک هەر لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا بەڵکوو بە بڕیار و ئیرادەی خۆی و بە هەر ڕێگایەک کە لە دەستی دێ داکۆکی لە مان و مەوجودییەتی گەلەکەی بکا و تەواوەتیی خاک و سەروەریی نەتەوەیی ئەو گەلە وەدەست بێنێ(تەوە).

درێژەی هەیە

---

# پێشمەرگە
# (کەسایەتیی نەتەوەیەک)



سمایل شەرەفی

قسەکردن لەسەر «پێشمەرگە» تەنیا لە چوارچێوەی پێناسەی «چەکدارێکی بەبیروباوەڕ»دا، لەوانەیە غەدرێک بێت لە یەکێک لە دەسکەوتە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد. پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی خەباتکاری میللەتی کورد لەگەڵ ئەوەیکە بە سەدان دەسکەوتی پڕنرخی بۆ ئەم میللەتەکەی دەستەبەر کردوە و پارێزگاری لە گەلێک دەسکەوتی دیکە کردوە، لە هەمان کاتدا خۆیشی دەسکەوتێکی هەرە پڕبایەخی زەمەنێکی زێڕینی ئەم میللەتەیە. دەسکەوتێک کە ڕۆڵێکی هەرە بنەڕەتی لە بیچمگرتنی شوناسی نەتەوەیی خەڵکێکی بێدەوڵەتی وەک کورددا گێڕاوە. دەسکەوتێک کە لە هەناوی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی نەتەوەیەکەوە لەدایک بوو. پێشمەرگە یەکێک لە مەزنترین لق و پۆپەکانی کۆماری کوردستانە کە خۆی وەک دەسکەوتێکی ئەم «باوەڕبەخۆبوون» و ئیرادە مەزنە، هەوڵی پەرەپێدان و پاراستنی گەلێک دەسکەوتێکی مەزنتر لەخۆی دا.

پێشمەرگەی کوردستان پێش ئەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک عونسورێکی عەینی، لە قەڵافەتێکی جوامێرانەدا ببێتە ڕەمزێک بۆ قارەمانێتی و بەرەنگاری، لە زەیین و ناخی تاکی نەتەوەیەکی بێدەرەتانی بەتاڵ لە هەرجۆرە پشتیوانییەکدا، «باوەڕبەخۆبوون»ی بنیات نا. باوەڕبەخۆبوونێک کە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت، سەرەڕای دەیان دوژمن و نەیاری ڕەنگاوڕەنگی تەیار بە هەمووی پیلان و کەرەسەیەکی داپڵۆسێنەرانە، هەروا ئەم میللەتەی لە سەر پێ ڕاگرتووە.

پێشمەرگەی کوردستان بە ڕۆڵی خۆبەخش و خۆنەویستانەی لە جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەیدا پێناسەیەکی جیاوازی بە «گیانفیدایی» و «نیشتماندۆستی» بەخشیوە. «نیشتمانپەروەری» و بەدوای ئەودا «گیانفیدایی»، بۆ پێشمەرگە تەنیا ئەرکی سەربازێک نەبووە بۆ نیشتمانەکەی، بەڵکوو بەشێکی هەرە ئەساسی بووە لە ئەخلاقی ئینسانیی ئەم مرۆڤە خاوەن باوەڕ و خەونە. ئەخلاقێک کە پێشمەرگەی لە بیرکردنەوە و تێفکرینی گەلەکەیدا کردۆتە قارەمانێکی هەتاهەتایی. قارەمانێک کە تەنیا خاک و خەڵکی خۆی بە پشتیوانیی ڕاستەقینە دەزانێ و تەنیا لە داوێن و باوەشی ئەواندایە کە، هەست بە بوونی خۆی و نەمریی ڕەسالەت و ئەرکەکانی دەکات.

پێشمەرگەی کوردستان کە لە هەناوی زەمەنێک لە زەمەنە مێژووییەکانی نەتەوەکەیدا لە دایک بووە، بەهۆی ئەوەی تەنیا پاراستنی خاک و خەڵکی خۆی بە ئەرک زانیوە، بە دوور بووە لە دەستدرێژکردن و بەکارهێنانی وەک هێزێکی پەلاماردەر و داگیرکەر. سنووری دەرکەوتن و بەرەنگاریی پێشمەرگەی کوردستان بەرانبەربە دوژمنانی میللەتەکەی، ڕاست هەمان سنووری وڵاتەکەیەتی.

فەلسەفەی وجوودیی پێشمەرگە بە پێچەوانەی «سەرباز»ی نەتەوە پاوانخواز و دەوڵەتە داگیرەکان – کە پەلاماری خاک و خەڵکی دیکەیان پێ دەدرێ – تەنیا هەوڵدانە بۆ ڕزگاری و پاراستنی گەل و نیشتمانی خۆی. هەر ئەم تایبەتمەندییەش وای کردوە کە پێشمەرگە وەک هێزێکی گەلی و نیشتمانی بمێنێتەوە و متمانە گەلی خۆی وەدەست بێنێ. متمانەیەک کە ئەمڕۆ دوای زیاتر لە حەوت دەیە لە مێژووی تێکۆشان و گیانفیدایی، بۆتە بەشێک لە شوناسی هێزی پێشمەرگە.

ئەم تایبەتمەندییانە و هەموو ئەو تەعبیر و پێناسانەی تا ئەمڕۆ لە پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگەدا باس کراون، ئەوەمان لێ دەخوازێک کە پێویستە هەورازتر لە [ناو]ێک بۆ پێشمەگە بڕوانین. پێشمەرگە ناتوانێ بەتەنیا ئەو سەربازە بێت کە لە خزمەت بەجێگەیاندنی بڕیارە سیاسییەکان دایە. بەو مانایە کە وەک «سەرباز»ێک تەنیا گوێڕایەڵی فەرمانێکی سەرووتر لە خۆی بێت. بەڵکوو پێشمەرگە ئەو قارەمانە بە بیروباوەڕەیە کە لە سەر ئیرادەی نەتەوەیەک دەجووڵێ و، ڕەساڵەتەکەی جیا لە بەجێگەیاندنی ئەرکی «قارەمانێک»، بەهێزکردنی هەستی باوەڕبەخۆبوونی میللەتێکە کە بە درێژایی تاریخ هەوڵی شکاندنی ئیرادەی دراوە.

پێشمەرگە ئەو چەکدارە خاوەن بیرو باوەڕەی کوردە کە ماناکانی ئەو دیوی هەوڵدان بۆ توانەوەو ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەکەی بەرپەرچ دایەوەو «بوون» و «بەردەوامی»ی بە نەتەوەیەک بەخشی کە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێ، دوژمنان پیلانی لێڵکردنی ئاسۆی هیوا و هومێدی دادەڕێژن.

پێشمەرگەی کوردستان ئەو چەکدارە خاوەن باوەڕیە کە لە زەمەنێکی بەشەخسییەتی تاریخی میللەتەکەیدا بەرگی کەسایەتی بەبەردا کرا و، بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی کەسایەتی بەخشین بە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەی دا.

# ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار) بۆنەیەکی دابڕاو لە پەیامەکانی



ئەیوب شەهابیڕاد

خوێندنی ئاکادیمی و زانستی بە تایبەت لە ئاستی سەرەوە (زانکۆکان) لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەمووکات یەکێک لە ئاڵنگارە سەرەکییەکانی هەم ڕێژیم و هەم خوێندکاران بووە. ئەگەر لە ڕەهەندی کۆی گشتیی بارودۆخی ژیانی سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووریی کۆمەڵگەی ئێرانەوە چاو لە بارودۆخی خوێندکاران بکەین، بێگومان بەشێکی دانەبڕاو لەم کێشە و قەیرانانەن کە دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی هێناون. بەڵام گرینگی توێژی خوێندکاران، لایەنی هەستیاری و خەسارهەڵگریەکەیەتی. کە باس لە خوێندکار و زانکۆ دەکرێ، مەرج نیە، ببێتە ناوەندێک بۆ یاری و ململانێ سیاسییەکان یان پەروەردە کردنی ڕێبەر و کاریزما بۆ داهاتووی وڵات، بەڵام بە پێی هەموو ستانداردە جیهانییەکان، زانکۆ ناوەندێکی زانستییە بەبێ هیچ بەربەستێکی سیاسی – ئیدئۆلۆژیکی بۆ پەروەردە کردنی خوێندکارێک کە لانیکەم هیچ پرسیارێکی نابێ بێ وڵام بمێنێتەوە، چ بگا بە ڕێگە نەدان بە باس کردنی پرسیارەکانی. چونکە خوێندکارێک کە خواست و پرسیارەکانی لە زانکۆ بێ وڵام یان قەدەغە دەکرێن، بێگومان لە کۆمەڵگەیەکی داخراوتر لە زانکۆ ژیان بەسەر دەبا و ڕەنگە کۆمەڵگەش دەرفەتێکی بۆ تاقیکردنەوەی کردەکی ئەزموونە زانستیەکانی خوێندکاری پێ نەبێ.




ئەگەر نەڵێین کە خوێندکار لە زانکۆدا، ژینگەیەکی کۆنکرێت و ئاخنراو بە ئیدئۆلۆژیەکی توند و وشکی بۆ دروست کراوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و ئیدئۆلۆژیەکی دوگمی مەزهەبی بەردەوام لە هەوڵی کۆنترۆڵ و چاوەدێری کردنی دایە تا کەسایەتییەکی فکریی دڵخوازی خۆی لێ بەرهەم بێنێ. کۆماری ئیسلامی هەمووکات بە ئاشکرا لە هەوڵی ئەوەدا بوە نەتەنیا ژینگەی سیاسی – کۆمەڵایەتی زانکۆ بگۆڕێ بەڵکوو لە ڕووی مەعریفی و زانستیشەوە دەسکاری وانەکانی خوێندن بکا. ئەگەرچی ڕەفتار و سیاسەتی سەرکوتگەرانە تا ئێستا پێناسەیەکی نەگۆڕ و گشتگیری ڕێژیم بەرامبەر بە کۆی کۆمەڵگەی ئێران بووە بەڵام پێویستە لە یادکردنەوەی بۆنەی ١٦ی سەرماوەزدا، هەڵسانگاندێک بۆ هەستیاریی ڕێژیم بەرامبەر بە خوێندکار و هەروەها ڕوانگەی باوی هێزە ئۆپۆزیسیۆن و گۆڕانخوازەکانی ئێران بەرامبەر بە خوێندکاران ئەنجام بدەین.

ڕەنگە لە دۆخێکی ئاسایی هەر کۆمەڵاگەیەکدا، بەپێچەوانەی ڕەوتی جێکەوتووی نێو ژینگەی سیاسیی ئێران، ئەرکدار کردنی خوێندکاران بە دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسی – تەشکیلاتی لە نێو زانکۆ یان باشتر بڵێین پێویستیی دروستکردنی بزووتنەوەیەکی خوێندکاری، هەم وەک پرسیار و هەم وەک خواستێک هیچ لۆژیکێکی لانیکەم ئاکادیمیکی تێدا نیە. دیارە ئەمە بە مانای بێ هەڵوێست کردن یان بێ هەڵوێست نیشاندانی خوێندکار بەرامبەر بە دۆخی ئارایی یان پرسەکانی کۆمەڵگە نیە، بەڵام هەر لەم پێوەندیەدا ئێمە مێژوویەک بە دوو ڕەهەندی لێک جیا بەرامبەر بە خوێندکاران دەبینین. یەکەم ئاراستەیەکی تەواو سەرکوتکەرانە و نامەعریفی گرتۆتەبەر و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دۆخی مافخوازانەی کۆمەڵگەی ئێران و تەنگەبەریی هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بارگرانییەکی زۆر خراوەتە سەر شانی خوێندکاران، بەشێوەیەک کە لە ئێستادا هیچ لایەنێک نەیتوانیوە نە خوێندنەوەی لۆژیکی و نە هەڵوێستێکی دروستی بەرامبەر بە خوێندکاران لە ئێراندا هەبێ. تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە ژینگەی چالاکانی مەدەنی- سیاسی نێوخۆ و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوە لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوەیەدا قەتیس ماونەتەوە کە ئایا بابەتێک بە ناوی بزووتنەوەی خوێندکاری تا چەند شکڵی گرتوە، تا چەند سەرکەوتوو بووە یان شکستی هێناوە. بەکورتی هەمووی ئەم لایەنانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی، پێگە و ڕێکخستنەکانی خۆیان لەنێو خوێندکاران و زانکۆکانەوە دەڕواننە توێژی خوێندکاران لە ئێراندا.

لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکدا زۆرجار نوخبە و ئێلیتی ئەو کۆمەڵگایانە پرسە ستراتیژیک و چارەنووسسازەکانی وڵات لە چوارچێوەی باسێکی ئاکادێمک و نەتەوەییدا دەبەنە زانکۆکان، لەوەێ دەیخەنە بەر باس و ڕاوێژ. بەڵام زانکۆ لە وڵاتێکی داخراوی وەک ئێراندا بۆتە جێی ململانێی لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات بۆ قۆرغکردن و دەست بەسەرداگرتنی. تەنانەت بەهۆی جەوهەری گۆڕانخوازی و ڕیفۆرمیستی خوێندکاران، زۆرجار ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە ڕیفۆرمخواز دادەنێن، بۆ شۆناس بەخشین بەخۆیان پەنا دەبەنە ساحەی زانکۆکان و وەک سەکۆیەک بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. دیارە ئەم جۆرە ململانێ و ڕوانگەیە تا ئێستا زۆر کارەسات و تراژیدیای بەرامبەر بە توێژی خوێندکاران لەلایەن دەسەڵاتەوە لێ کەوتۆتەوە. بەڵام بەو حاڵەش ڕێژیم هەموو ساڵێ یادی بۆنەی ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار) لە چوارچێوەی پەیامە ساویلکە و ئیدئۆلۆژیکیەکانی خۆیدا دەکاتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ هۆی دۆخی تایبەتی و خەباتکارانەی لەمێژینەی خۆی، خوێندکارانی کورد هەمووکات دەورێکی کاریگەریان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکدا هەبووە. تەنانەت زۆر جاران ڕێکخراوەکانی خوێندکاریی تایبەت بە خوێندکارانی کورد لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێران شکڵیان گرتووە و چالاکی بەرچاویان هەبوە. بەڵام هەوڵە خۆڕسکەکانی خوێندکارانی کورد زۆرجاران بۆتە قوربانیی ململانێی هێزە سیاسییە کوردەکان لە پێناو بە حیزبی کردنی چالاکییە خوێندکارییەکان.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی سیاسی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و ڕیفۆرمخوازەکانی نێوخۆ و هەروەها کۆماری ئیسلامی دوو ڕوانگەی سەرەکی بەرامبەر بە توێژی خوێندکار بە زەقی دەبینرێ. کە باس لە دەور و کاریگەریی خوێندکاران لە کۆمەڵگەدا دەکرێ، لایەنی یەکەم هەمووکات دەستەواژەی دروستکردنی بزووتنەوەیەکی خوێندکاری سەراسەری دێننە بەر باس و لایەنی دووهەم واتە ڕێژیم، دەیهەوێ هەر جۆرە چالاکییەکی خوێندکاران بخاتە قالبێکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبی لەپێناو خزمەت بە ئامانجەکانی دەسەڵات. بێگومان توێژی خوێندکار لە ئاستی جیهان و بە شێوەیەکی مێژوویی بەهۆی فاکتی وشیاری و ڕوحی ئارمانخوازانەی، هەمیشە هێزێکی چالاک و زیندوو بوە لە بەرامبەر ستەم و نادادپەروەری دەسەڵاتداران. بەڵام ئەمە هیچکات بە مانای بە سیاسی کردنی زانکۆ و بە ڕێکخستنی خوێندکار وەک ئەکتەرێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ئەمە تایبەتمەندی سروشتی ئاکادیمیکی ژینگەی زانکۆ و ئەرک و پەیامی پەروەردەیی خوێندکارە. کەواتە هەروەک چۆن خوێندکاران لە ئێرانی دیکتاتۆرلێدراودا، هەمووکات خاوەنی پەیامی گۆڕنکاری و نەمانی سەتەمکاری بوون، لەسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش پێویستە چیتر لە دیالۆگ و پرسی بوون و نەبوونی بابەتی بزووتنەوەی خوێندکاری و هۆکارەکانیدا قەتیس نەمێننەوە و هەوڵ بدەن ژینگەی زانکۆ و توێژی خوێندکار بۆ ئەرک و بەرپرسیارەتییە سەرەکییەکانی خۆی بگەڕێننەوە. چونکە مێژووی دەسەڵاتداری بەتایبەت لە ئێراندا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە کێشانی هەر جۆرە ململانێیەکی سیاسی بۆ نێو گۆڕەپانی زانکۆ، هەموو کات بۆتە هۆی دەستێوەردان و قۆرغکاری زیاتر لەلایەن دەسەڵاتەوە.

بێگومان هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی – دێموکراتیک بە بێ ڕێکخستن ناتوانێ پەیامەکانی خۆی بگەیەنێتە جەماوەر و بە بێ بوونی ئاڵترناتیوی بەهێزیش ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بەڵام توێژی خوێندکاریش بە پێی سروشتی خۆی لە باری فکری و مەعریفیەوە هەمیشە توێژێکی ڕێکخراو بۆ هەر گۆڕانکارییەکی مافخوازانە بووە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە فاکتی بەهێز و هەمیشە ئامادەی خوێندکاران پەیامی ڕۆشنگەری و دانەبڕانیەتی لە خواستەکانی کۆمەڵگە.

# ڕۆژهەڤی ئێران

## درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ و چارەنووسی بەرجام



حەسەن شێخانی

لێتان ناشارمەوە کە یاسای گەمارۆکانی داماتۆ(ایسا) لە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا درێژ کرایەوە، بەدوای ئەوەدا بووم کە ئێران چ کاردانەوەیەک نیشان دەدا، بە تایبەت کە خامنەیی لە وتاردانێکدا وێرای هێرشی کەلامی بۆ سەر ئەمریکا، گوتی: درێژکردنەوەی گەمارۆکانی داماتۆ، پێشێلکردنی ئاشکرای بەرجامە و ئێرانیش بە دڵنیاییەوە دژکردەوە نیشان دەدا.

لە پێوەندی لەگەڵ بەرجامدا ئێمە لەگەڵ دوو دەستەواژە بەروڕووین: «ڕوحی بەرجام» و «مەتنی بەرجام». مەبەست لە ڕوحی بەرجام ئەوەیە کە هەندێک کردەی دژی ئێران، لەگەڵ دەقی بەرجام دژبەیەکی نییە، بەڵام بەستێن و هەلومەرجەکانی کەڵک وەرگرتنی ئێران لەو ئیمتیازانەی کە بە پێی مەتنی بەرجام پێی دراون، سەختتر دەکا و فەزایەکی مەنفی دروست دەکا و سەرمایەگوزارانی بیانی لە کارکردن لە ئێران بەپارێزتر دەکا. دیارە وەک دەگوترێ لە بەرجامیشدا هاتووە کە لایەنەکان پێویستە لەو کردانەی لەگەڵ ڕوحی بەرجامیشدا دژایەتی هەیە، خۆببوێرن. بەڵام لە ڕوانگەی حقوقییەوە تەنیا وەختێک لایەنێک کردەکانی لەگەڵ دەقی بەرجام دژایەتی هەبێ، بە پێشێلکەری بەرجام لەقەڵەم دەدرێ. لەو کاتەوە کە بەرجام کەوتۆتە قۆناغی جێبەجێکردن، ئێران و ئەمریکا، هەندێک لە کردەکانی یەکتریان بە پێشێلکەری ڕوحی بەرجام لەقەڵەم داوە. بەم شیکردنەوەیە، ئەوەی کە مەبەستی خامنەیی بوو، دژایەتی لەگەڵ مەتنی بەرجام بوو.

دوای قسەکانی خامنەیی ئەوەی کە ئەمریکا جێی متمانە نیە و ئەگەر بەڵێنیش بدا، لەژێری دەردەچێ و جێبەجێی ناکا، بە تەوژمێکی زیاتر بە کۆمەڵگە پۆمپاژ کرا؛ بە چەشنێک کە ئەگەر کەسێک ئاشنایی پێویستی لەگەڵ سیاست و چەمکگەلی وەک «سیاسەتی ڕاگەیەنراو» و «سیاسەتی کردەیی» نەبێ و، بەتایبەتیش ئاشنایی لەگەڵ شێوازی سیاسەت کردنی کۆماری ئیسلامی نەبێ، وای دەزانی کە ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم بەرجامدا پێکهاتووە و بەرجام لەگەڵ کۆسپ بەرەوڕوو دەبێ.

سەرۆکی دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن، یاسادانان و دادوەری، بەرپرسانی پایەبەرزی لەشکەری و کشوەری، هەموویان بە جیاوازییەکی کەم، درێژکردنەوەی گەمارۆکانی ئیسایان بە پێشێلکەری بەرجام لەقەڵەم دەدا و پێداگرییان لەسەر وەڵامدانەوەی لیبڕاوانەی ئەمریکا دەکرد. ڕاگەیەنە ڕەسمییەکانی ئێران و ئەو ڕاگەیەنانەی سەر بە لایەنێکی دیاریکراون، پەیتاپەیتا ئەو کارناسانەیان دەدواندن کە ڕویکەردێکی بردنە ژێرپرسیارانەیان بە نیسبەت بەرجام هەیە. بەم پێیە جارێکی دیکە و بە تەوژمێکی هەرچی زیاترەوە لە تەپڵی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکایان دا و ویستیان بەرای گشتی بڵێن ئەمریکا هەروا دوژمنی پلە یەکی ئێرانە و نابێ متمانەی پێبکرێ، تەنانەت ئەو ڕەوتەی کە بەرجام وەک زیانێکی گەورە بۆ ئێران وێنا دەکەن، دەڵێن بەرجام تەنیا قازانجێکی کە بۆ ئێرانی هەبووبێ ئەوەیە کە، سەلێمندرا ئەمریکا بۆوەی نابێ متمانەی پێبکرێ. لەم بارەوە پێویستە ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١)بەپێچەوانەی گەمارۆکانی ئورووپا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەڵوەشاونەوە، بەتایبەت ئەو گەمارۆیانەی لە لایەن کۆنگرەی ئەمریکاوە پەسند کراون، هەڵنەوەشاونەوە، بەڵکوو تەنیا ڕاگیراون یان هەڵپەسێراون. بە پێی بەرجامیش، دوای ٨ ساڵان، ئەمریکا هەڵیاندەوەشێنێتەوە. لە پرۆسەی دانوستانەکانی ناوکیدا، باسی گەمارۆکانی داماتۆ کراوە، بەڵام ئەمریکا بەڵێنی نەداوە کە ئەو گەمارۆیانە درێژ نەکرێنەوە. بەرجام بەشگەلێک لە گەمارۆکانی داماتۆ لەکار دەخا. بەم پێیە لەحاڵەتی جێبەجێ کردنی گەمارۆکانی داماتۆ، دەقی بەرجام پێشێل دەکرێ.

٢)هەیئەتی چاوەدێری بەسەر بەجامدا، کە لە ئێران پێکهاتووە، دوای کۆبوونەوەی خۆی، ڕایگەیاند کە ئەگەر گەمارۆکانی داماتۆ(ایسا) بکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوا دەقی بەرجام پێشێل دەکا. جەوهەری ڕاپۆرتی ئەو هەیئەتە پێمان دەڵێ کە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتی ڕاگەیەنراو _ کە مەسرەفی نێوخۆیی و ئاراستەکردنی ڕای گشتیی نێوخۆیی، بەشێک لە ئامانجەکانیەتی _ و سیاسەتی کردەیی ئێران، دابنێین و مەعلوومە کە ئێران لەم جۆرە کاتانەدا، عەقڵانیتر دەجووڵێتەوە و بە سەرنجدان بە دۆخ و پێگەی، نایەوێ لە پێشێلکردنی بەرجامدا دەستپێشخەر بێ. وێدەچێ ئەمریکا لە ڕێگەی دیکەوە و بە شێوازی دیکە زەخت بخاتە سەر ئێران، بەڵام هەرچۆنێک بێ، بە کەموکووڕییشەوە بێ، بەرجام جێبەجێ دەکا. هەوڵی ئەمریکا ئەوەیە کە ئێران وەسەر تەڵە بخا و هانی بدا کە ببێتە پێشێلکەری بەرجام. بۆیە ئێران لە پراتیکدا عەقڵانیتر لە ئیدیعاکانی دەجووڵێتەوە.

٣)بەڵام پێداگریی ئێران لەسەر ڕوحیەی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوەی کە ڕادەگەیەنێ ئەمریکا بەرجامی پێشێل کردووە، نیشاندەری نیگەرانیی ئەو وڵاتەیە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ترامپ. یەکەم: ئێران دەیەوێ ڕای گشتی خۆی بۆ هەرچەشنە کردەوەیەکی ئەمریکا لە داهاتوودا ئامادە ڕابگرێ. بەم هۆیەیە کە ناوکی سەختی دەسەڵات لە ئێران لەگەڵ ئەم ڕویکەردە کە ناحەزیی ڕوخساریی ئەمریکا کەمرەنگ بکاتەوە، بە توندی دژایەتی دەکا و وەک مەترسییەک ڕووبەڕووی دەبێتەوە. چونکە خویایە کە یەکەم هەنگاوی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی دژبەرانەی ئەمریکا، ڕای گشتیی ئامادەکراو و ئاراستەکراوە. دووەم: ئێران دەیەوێ ئەو پەیامە بە ئەمریکا بدا کە ئەگەر زیاتر لەوە بەڵێنیشکێنی بکا و لە داهاتوودا بە بەرجام پابەند نەبێ، ئەوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش بەرجام و مەجبوور نیە یەکلایەنە بەندەکانی بەرجام جێبەجێ بکا. تا ئێرە تەواوییەتی سیستم کۆک و یەکدەنگن. بەڵام لەم نێوانەدا تەیفی دژبەری بەرجام لە ئێراندا، لە هەر هەنگاوێکی لەو چەشنەی ئەمریکا، بۆ هێرش بۆ سەر دەوڵەت و ڕویکردی دەوڵەت بە نیسبەت دنیای دەرەوە کەڵک وەردەگرێ. لەم ماوەیەدا ئەوەیان بە چاوی دەوڵەت دادەدایەوە کە گوتویانە ئەمریکا بۆ متمانە پێکردن نابێ و ئەگەر شتێک لەسەر کاغەزیش ئیمزا بکا، ئەوە لە کردەوەدا جێبەجێی ناکا.

کاکڵی قسە ئەوەیە کە ئێران، لە پراتیکدا بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەگەریش بە درێژکردنەوەی گەمارۆکانی ئیسا دژکردەوە نیشان بدا ئەوە پێدەچێ ئەو دژکردەوەیە لە بوارگەلی دیکەدا بێ. دژکردەوەی لیبڕاوانە لە بواری ناوکیدا، ئێران لەگەڵ ئاکامی مەترسیدار بەرەڕوو دەکا. پێناچی عەقڵی سیاسیی ئێران، ئەمە نەزانێت.

# مافی مرۆڤ و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## (بەشی یەکەم)



عەزیز شێخانی

مافی مرۆڤ مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەشێکی دانەبڕاو لە سروشتی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتییە. کتێبە ئایینیەکان و بەشێک لە بەڵگەنامە مێژووییەکان بە شێوازێک باس لە مافی مرۆڤ دەکەن. مافی مرۆڤ ڕەهەندێکی تەواو سیاسی هەیە و بە بەشێکی دانەبڕاو لە دەسەڵات و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەژمێردرێ. بۆ کردنەوەی ئەو باسە دەکرێ پرسیار بکەین، کە مافەکانی مرۆڤ چین و یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ چییە؟ لێکدانەوە و ساغبوونەوە لەسەر مافی مرۆڤ ئاسان نییە، چونکە لە کۆی بڵاوکراوە و ڕاگەیەندراوی لایەن و ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا زیاتر باس لە تایبەتمەندییەکانی مافەکانی مرۆڤ کراوە. بە واتایەکی دیکە، مافەکانی مرۆڤ زیاتر شیکرانەوە و کەمتر تاریفێکی ورد لە سەر ئەو باسە هەیە. دەگوترێ، کە ئەو مافانە بنەڕەتین و هەر مرۆڤێک خاوەنی ئەو مافانەیە و لە هەناوی بوونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە قابیلی لێ ئەستاندنەوە و پێشێلکردن نین.

بە گوێرەی لێکدانەوەی کۆنفرانسی دووەمی مافی مرۆڤ لە ڤییەن(١٩٩٣) مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان مافی سروشتی هەموو مرۆڤەکانە. ئەو مافانە جیهانین و لەگەڵ یەکتردا گرێدراون. لە جیهاندا تێگەیشتنێکی هاوبەش و هاوتا لەسەر مافەکانی مرۆڤ نییە. کە پرسیار دەکەی، مافەکانی مرۆڤ لە کوێوە هاتوون، کەمتر وایە وڵامێکی هاوبەش بدۆزیەوە و هەر کەسەو بە گوێرەی باوەڕ و زانیارییەکانی وڵام دەداتەوە. خواباوەڕەکان لەسەر ئەو قەناعەتەن، کە ئەو مافانە لە لایەن خوڵقێنەرەوە بە مرۆڤ دراون. ئاتیست و ئەوانەی باوەڕیان بە دین نییە، لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی خۆیان ئەو پرسە تەتەڵە دەکەن و خوایەک لەو سروشتەدا نابینن. بەشێک لە بیرمەندان، مافی مرۆڤ بە بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵگا و ڕێژەی وریابوونەوەی مرۆڤ پێناسەی دەکەن. بەگشتی مافی مرۆڤ پێوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە، کە هەڵگری هزر و زمانە و تەتەڵەی جیهانی دەوروبەر و خۆی دەکا. ڕووداوەکان لەبیر ناکات و بوخچەی ڕابردوو بە هەموو تاڵی و سوێریەکانی دەکاتەوە و بە تەرازووی ناخ هەڵیان دەسەنگێنێ.

یاسای نێونەتەوەیی بەو ڕێسا و یاسایانە دەگوترێ، کە پێوەندی نێوان دەوڵەت و وڵاتان ڕێکدەخا. ئەو یاسایە پاشخانێکی چەند سەت ساڵەی هەیە، بەڵام لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە. یاسا نێونەتەوەییەکان لە ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتان و هەروەها ڕێوشوێنە نەریتییەکان سەرچاوە دەگرن. ڕێککەوتننامەکان لە لایەن دەوڵەتەکان قسە و باسیان لەسەر دەکرێ و لە دارشتەی ڕێکەوتننامەکان ماف و بەرپرسیارەتیی دەوڵەتەکان بەرامبەر بە یەکتر دیاری دەکرێن. ئەو وڵاتانەی تێکەڵ بەو ڕێککەوتننامانە دەبن و دواتر مۆری دەکەن، دەکەونە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی و ئەرکی ڕاپەڕاندن و ڕێزگرتن لە خاڵ و کۆی ڕێککەوتننامەکەیان دەکەوێتە سەر شان. بەگوێرەی عورفی قبووڵکراو وڵاتانی دەرەوەی ڕێککەوتنەکان بەشێک نین لەو گرێبەستانە. شایانی باسە، کە ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەی کە لەسەر بناخەی نەریتە باوەکان هەڵچنراون پێوەندیان بە هەڵسوکەوت و کردەوەی دەوڵەتەکانە و بە نووسین ئامادە و شی نەکراونەوە.

یاسا نێودەوڵەتییەکان زۆر بواری جیاواز دەگرنەوە، بەڵام دەوڵەتەکان لەسەر بناخەی بەرژەوەندییەکانیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ بە هۆی سروشتی سیستمی سیاسی جیهان کە خاوەنی دەزگایەکی جێبەجێکار و خاوەن ئیرادە نییە، لە لایەن دەوڵەتە پێشێلکەرەکانی مافی مرۆڤ گرینگی پێنادرێ. بەشێک لە دەوڵەتەکان لەسەر بنچینەی سەروەری دەوڵەت باوەڕیان بە دەستێوەردان لە پرسە نێوخۆییەکان نییە و دژایەتی لەگەڵ زۆربەی ئەو یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دەکەن کە پرسی مافی مرۆڤ بە یاسیکی جیهانی دەناسێنن. ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان لە ژێر ناوی دژایەتی کردنی سیاسەتی دەوڵەتە گەورە و ڕۆژئاواییەکان لە کردەوەدا ڕێز لەو مافانە ناگرن. زۆر وڵات و سەرکردەش، لە ژێر ناوی کولتوور و ئایین، سەنگەر لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەگرن و درێژە بە ڕەوتی سەرکوتی هاووڵاتیان دەدەن.

چەمکی ماف کۆنە و ڕەگ و بنەمای ئەخلاقی هەیە. ئەو چەمکە لەگەڵ ئایین و فەلسەفەدا لێکگرێدراوە، بەڵام لە قۆناخ و سەردەمێکی دیاریکراودا بۆتە یاسا. لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی ویستفاڵدا(١٦٤٨) باس لە ئازادیی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی ئایین کراوە. ڕێککەوتننامەی ڤییەن(١٨١٥) کۆیلایەتی مەحکوم و بێزراو دەناسێنێ. چەمکی مافی مرۆڤ لە سەدەی هەژدەی زایینییەوە زیاتر برەو پەیدا دەکا و تێکەڵ بە ژیان و ئیدارەی بەشێک لە دەوڵەتەکان دەبێ. لە ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکادا(١٧٧٦) ئاماژە کراوە، کە هەموو مرۆڤەکان ئازاد و لە بەرامبەر یاسادا هاوشانن. لەو سەردەمەدا مافی ئازادی دەربڕین، هەڵبژاردنی ئایین و پاراستنی سامان و دارایی ئاماژەیان پێکراوە. بێجگە لەوە لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی فەڕانسەدا(١٧٨٩) هاوتابوونی هاووڵاتیان و ئازادی تاک بە گرینگ پێناسە دەکرێن. لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلاندا بە کردەوە بایەخێکی تایبەتی بە پرسی مافی مرۆڤ نەدرا، بەڵام لە ١٩٢٦دا ئەو ڕێکخراوەیە کۆیلایەتی مەحکوم کرد.

ڕووداوە خوێناوییەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆمەڵکوژییەکانی (بۆ وێنە جوولەکەکانی) ئەو سەردەمە، پرسی مافی مرۆڤی کردە پێویستییەکی گرینگ و دانەبڕاو لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند. ڕێکخراوی ناوبراو لە ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨دا جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان، لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەند کرد. لە درێژەی کار و تێکۆشاندا کۆنوانسیۆن و گرێبەستی تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەند کران. ئەو وڵاتانەی، کە پەیماننامەی ئاماژەپێکراویان مۆر کرد، لە جێبەجێکردنی خاڵ و مادەکاندا بەرپرس و ئەرکدار دانران. لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا زۆر ڕێکەوتننامە و پاشکۆی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ زیاد کراون، کە وەک بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ دەژمێردرین. لەو نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە کۆنوانسیۆنی هەڵگرتنی پەراوێز و هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنان، مافی منداڵان، ئەشکەنجە، مافی کەمئەندامان و مافی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بکەین. پاش ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەو دەوڵەتانە پشتیوانی خۆیان لە گەڵاڵەی جیهانی مافی مرۆڤ کرد، ستاتوسی مافی نێونەتەوەیی پێدرا.

پرسی مافی مرۆڤ لە ماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا بە چەند شەپۆلێکی جیاواز لە جوڵەدا بووە. یەکەمین شەپۆلی بە تەوژمی مافەکانی مرۆڤ بە دەرکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دروست دەبێ و هەتا کۆتاییەکانی ٥٠ درێژەی هەیە. شەپۆلی دووهەم لە سەرەتای ١٩٦٠دا دەست پێدەکا و دەوڵەتەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دەرفەتی پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی ناحکوومی دەخولقێنێ (بۆ وێنە، ئەمنێستی ئینترناشناڵ). لە جەرگەی شەڕی سارد و کێبەرکێی ناوچەیی و جیهانییەکان شەپۆلی سێهەم دەردەکەوێ، کە پرسی مافی مرۆڤ تێکەڵ بە دیپلۆماسیی ڕۆژئاواییەکان دەکا. سەرەتا ئەمریکا و دواتر بە چڕی وڵاتانی یەکێتی ئورووپا و لە ڕیزی پێشەوە دوو وڵاتی نۆڕویژ و هولەند لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و لە نێوخۆش‌دا گرینگی و بایەخی زۆریان بە پاراستنی مافی مرۆڤ دا. شەپۆلی چوارەمی مافی مرۆڤ، پاش ڕووخانی دیواری بێرلین و کۆتایی شەڕی سارد دەست پێدەکا و سیاسەت، کولتوور، هونەر، پەروەردە و ڕاگەیاندن دادەپۆشێ و بە ڕەوتی بە کومەڵایەتی کردنی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێ. شەپۆلی پێنجەمی مافی مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی ٢١ دەست پێدەکا، کە مافی مرۆڤ وەک ڕابردوو دەرفەتی گەشەکردن و پەرەپێدرانی نییە و لە بەردەم سێبەری شەڕی بە ناوی تیرۆریزم و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی پەراوێز دەخرێ. لە ماوەی ئەو شەپۆلەدا، کە بە شەپۆلی نەرێنی مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێ سەدان هەزار خەڵکی سڤیل لە شەڕ و قەیرانەکاندا کوژراون و بە ملوێن مرۆڤ لە زێدی خۆیان پەڕیوە و ئاوارەبوون. ئەشکەنجەی بەندییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەندوە و تەنانەت لە بەرەی دێموکڕاتەکانی جیهان لە مەڕ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییە خۆماڵییەکان مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ و ئازادی ڕاگەیاندن بەرتەسک کراوە. لە سەردەمی شەڕی سارددا پێشێلکارییەکانی بەرەی کۆمۆنیستەکان لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیی بەکۆمەڵ ڕۆنرابوو، کەچی دوای لێدانی بورجە بازرگانییەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠١دا، بەشێک لە دەوڵەتە لیبڕاڵەکان تێکەڵ بەو کاروانە بوون.



“ئەگەرچی پرسی مافی مرۆڤ سنووری دەوڵەت و ناوچەکانی بڕیوە و لە نووسراوە و بیرۆکەیەکی ناوچەییەوە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، بەڵام هێشتا سیاسەتی هێز و بەرژەوەندییەکان پەراوێزی دەخەن”

ئەگەرچی پرسی مافی مرۆڤ سنووری دەوڵەت و ناوچەکانی بڕیوە و لە نووسراوە و بیرۆکەیەکی ناوچەییەوە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتان، بەڵام هێشتا سیاسەتی هێز و بەرژەوەندییەکان پەراوێزی دەخەن. بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەندوکۆسپانە، پێویستە مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی تازە و تیۆری نوێوە شەنوکەو بکرێ. لێکۆڵینەوە زانستی و تیۆرییەکان زیاتر لە دەللاقەی سواوی کۆنەوە چاو لە پرسی مافی مرۆڤ دەکەن و وەک کەیسی پلە دوو و لاوەکی پێناسەی دەکەن. لە ئاکامدا ئەو بابەتە لە چەق و سەنتەری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو پەراوێز ڕاپێچ دەکرێ. لێرەدا گرینگە کە وڵامی ئەو پرسیارانە تاوتوێ بکرێن، کە بۆچی پرسی مافی مرۆڤ کە ڕەهەندی جیهانی هەیە و دەکرێ لە هەموو ئایدۆلۆژیەکان بەتاڵ بکرێتەوە هێشتا لە نێو مرۆڤەکاندا باش تەتەڵە نەکراوە؟ چ میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە جیهاندا کاریگەرە و چۆن دەکرێ هێزی تاک و مرۆڤەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەگۆڕ بکرێ؟ چەندە دەکرێ لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری گەلانی چەوساوە و مرۆڤە چەوسێنەرەکان بکرێ و لە هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارە خۆماڵی یان داگیرکەرە دەرەکییەکان بیانپارێزن؟ دێموکراسی و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن بە دوور لە ڕەهەندی باڵادەستی ڕۆژئاوا و دروشم، چۆن زۆر دەرگای داخراو دەکاتەوە و مافی هاووڵاتیان دەستەبەر دەکا؟ لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەت و سەروەری ئەو یەکە سیاسییە وەک هەموو دیاردەکانی دیکە لە ئاڵوگۆڕدایە و فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی دەوڵەت ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن. چاوخشاندن بە دەسەڵاتی دەوڵەت لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا و هەروەها پێوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەت دەیسەلمێنێ، کە گەمەکە بە قازانجی مافی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دەشکێتەوە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە.

بۆ بەهێزکردنی شەپۆلەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە بەستێنێکی بەرینتردا، پێویستمان بە جووڵەی بەردەوام و بەرۆژکردنەوەی ئەو باسەیە. بیرۆکەکان بە تەنیا کاریگەر نین و پێویستە ئەوان لە ڕێگای جووڵەی خەڵک و هاووڵاتیان جێگیر و تۆکمە بکرێن. پێویستە دەوڵەتەکان و هاووڵاتییەکانیان لەوە تێبگەن، کە پڕاکتیزەکرانی یاساکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ خزمەت بە بەرژەوەندی ئەمڕۆ و سبەینێی مرۆڤایەتی دەکا. دژایەتیکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ژێر ناوی پاراستنی سەروەری وڵات و دوور ڕاگرتنی وڵات لە دەستێوەردانی دەرەکی لە دروشمێک زیاتر نییە. گەلانی ئازاد و هاووڵاتیانی خاوەن ماف، بە ئاسانی پشت لە بەها نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان ناکەن و ئامادە نین خاک و بایەخەکانی دیکەیان هەرزانفرۆش کەن. کاتێک ناوچە و وڵاتەکان دەکەونە سەر ئەو ڕێچکەیە بێگومان تەوژمی جیهانی ئەو چەمکانە بە کردەوە دەبیسترێ. لە ئاکامی بە کولتووربوون و بە کۆمەڵایەتی کردنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەبێتە بەها و نۆڕمێکی ڕۆژانە. ئەو دەوڵەتانەی دەبنە پارێزەری مافی هاووڵاتیان و بە یاسا مافی مرۆڤ دەچەسپێنن، بە کردەوە دەبنە دەوڵەتی خەڵکی و شەرعییەت لە هاووڵاتییەکانیان وەردەگرن. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە کولتووری ئیدارە و هەروەها نەخش و ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا لەسەر نەخشەی دابەشکردنی ئەرک و مافەکان شوێندانەرە. بە واتایەکی دیکە، دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتەکان، یاسا و سەرکردەکانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگا لێکگرێدراون و خەڵکێکی وشیار و نەتەوەیەکی شارەزا ڕێگا نادات لە لایەن کەسانی یاساشکێن و مافپێشێلکەر ئیدارە بکرێن.

مافی مرۆڤ پێوەندی بە دوارۆژی مرۆڤایەتی هەیە، بۆیە بە ئاسانی پەراوێز ناکرێ. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، کە ئەمڕۆ و لە داهاتوودا دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتییەکان دەرفەتی قەڵاچۆ و سەرکوتی مرۆڤەکانیان وەک ڕابردوو نابێ. لە ئاکامدا ئەو پرسە لە چەقی بابەتەکانی تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێدەگرێ. ئیدارەکردنی وڵاتان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بە چاکسازی هەیە و مرۆڤەکان زیاتر لە ڕابردوو لەسەر پاراستنی مافەکانیان شارەزا و سوورتر دەبن. دەوڵەتەکان لە دوارۆژدا پێویستیان بە دۆزینەوەی سیغەیەکی هاوبەشە و ناچارن زیاتر لە ڕابردوو هاوکاری یەکتر بن و لە چارەسەرکردنی قەیران و کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئەو مەرجانە درەنگ یان زوو داسەپێنن. پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە یەکە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوخۆی دەوڵەتەکاندا گەشە دەکا و پەل داوێژێتە دەرەوەی سنوورەکان. دەوڵەتەکان بە تێکڕا بەرپرسیارەتی پاراستنی هاووڵاتییەکانیان لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی، جینایەتی شەڕ، پاکتاوی ڕەگەزیی و هتد. و هەروەها تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەسەر شانە. کاتێک دەوڵەتێک یان ژمارەیەک لە دەوڵەتەکان خۆیان لەو ئەرکانە لادەدەن و مافی مرۆڤ و پێشێلکرانی مافی هاووڵاتیان پاشگوێ دەخەن و تەنانەت خۆیان ئەکتەری جێبەجێکەر ئەو گۆڕەپانەن، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارەتی هاوبەش و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەیان نییە. لە ئاکامدا مرۆڤایەتی دەکەوێتە بۆشاییەکی ناعادڵانە و کوشتن و قەڵتوبڕی مرۆڤەکان لە زۆر ناوچەی ئەو جیهانەدا دووپات و چەند پات دەبێتەوە. ڕاستییەکی حاشالێنەکراوە، کە مافی مرۆڤ و سەروەری دەوڵەت هەردووکیان بوونیان هەیە، بەڵام لە بەستێن و دۆخێکی ئاڵۆز و دژواردا. چۆنیەتی باڵانسی نێوان ئەو دوو چەمکە لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە بەشێکیان پێوەندیان بە دوارۆژی سیستمی سیاسیی جیهان، ڕێژەی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە کولتووربوونی دێموکراسی و پەروەردەی مرۆڤەوە هەیە.

درێژەی هەیە

روانینی دەرەکی

# ئەنجومەنی نوێنەران دوو یاسای ئابلۆقە پەسەند دەکا و پەیامی سیاسەتی دەرەوە بۆ ئێران و سووریە دەنێرێ

واشینگتۆن پۆست: کارون دەمیرجیان
وەرگێڕان لە ئیگلیسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ئەنجومەنی نوێنەران رۆژی پێنج شەممە بە پەسەند کردنی دوو یاسای ئابلۆقە: یەکیان بەرامبەر بە ئێران و ئەوی‌تر دژی سووریە، نیشانەکانی شێوەی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی نوێدا دیاری کرد.

ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەیەکی بەهێزی ٤١٩ دەنگ بەرامبەر ١، بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێرانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ درێژ کردەوە. بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێران، کە ئابلۆقە لەسەر بەشی وزە، سیستەمی بانکی، بەشی بەرگریی و چالاکیی مووشەکی لە خۆ دەگرێ، قەرار بوو لە کۆتایی ئەوساڵ کاتی بەسەر بچێ.

ئەنجومەنی نوێنەران هەروەها وەک هەوڵێک بۆ وەستاندنی «قەسابخانەی دژی گەلی سووریە» بڕیاری دا کە ئابلۆقە بخاتە سەر هەر لایەنێک (ئەوە روسیە و ئێران دەگرێتەوە)، کە پشتیوانیی ئابووری، کەلوپەل یا تێکنۆلۆژیکی بە دەوڵەتی سووریە بگەیەنێ.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی دابوو هەردوو بڕیارەکان وەدوا بخات، هەرچەند سەرکۆمار هیچ کات هەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆی نەکردبوو و، سەرکۆماری هەڵبژێراو، دۆناڵد ترامپ، هێشتا ماوە ئەو دوو بڕیارە هەڵسەنگێنێ. بەڵام یاساکان پەیامێکن لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، کە ئەو لایەنگری هەڵسوکەوتی سەختگیرانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و دەسەڵاتدارە نێونەتەوەییەکانی دیکە، کە یارمەتی رێژیمی سووریە دەکەن کە خەڵکی مەدەنی لە شەڕی نێوخۆی ئەو وڵاتە کردۆتە ئامانج، هەرچەند کۆشکی سپی پێی باشتر بوو کە درێژە بە سیاسەتی پێشووی خۆی بدا.

ئاماژەی بەوە کرد کە ترامپ داوای گۆڕانکاریی لە رێککەوتننامەکە دا دەکا بەڵام بە تەواوی هەڵیناوەشێنێتەوە.

سەرکۆمار ئۆباما کە لە بارەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەو دواییانەدا چاوی بە ترامپ کەوت، رۆژی دووشەممە گوتی کە ئەو گومانی هەیە کە ترامپ رێککەوتننامەکە بگۆڕێ و گوتی «ئێران نموونەیەکی باشی مەودای نێوان بانگەشەکان لەو شارە– تەنیا تایبەتیی سەرکۆماری هەڵبژێراو نیە – و راستی‌یەکانە».

ئۆباما رۆژی دووشەممە بە هاوڵنێرانی گوت: «بۆچوونی من ئەوەیە کە کاتێک کە سەرکۆماری هەڵبژێراو دەست بەکار دەکا و لەگەڵ هاوکارە کۆماریخوازەکانی لە کۆنگرە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکا، ئەوان چاو لە راستی‌یەکان دەکەن». «کاتێک کە تۆ بەرپرسیاری رێککەوتنەکەی و پێش بە ئێران دەگری کە خاوەنی بۆمبی ناوکی بێ، زۆرتر وێدەچێ کە چاو لە راستی‌یەکان بکەی».

سەرەڕای رەخنەی حیزبی کۆماریخواز لە رێککەوتن لەگەڵ ئێران، کە هیچکام لە کۆماریخوازەکانی کۆنگرە پشتیوانیان لێ نەکرد، وێناچێ کۆماریخوازەکان بیانهەوێ کە ترامپ بەڵێنییەکەی بەرێتە سەر و رێککەوتنەکە هەڵوەشێنێ. لە جیاتان ریبەرەکان دەیانهەوێ کە ترامپ لە بارەی چۆنیەتیی زەخت خستنە سەر ئێران کارتێکەری لە کۆنگرە وەرگرێ.

«رێگایەکی تر ئەوەیە کە ئەو زەختە لەدەرەوەی رێککەوتننامەکە زیاتر بکرێ... ئەوە رێگا بە جیهان نادا کە بڵێن ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو رێککەوتننامەی هەڵوەشاندەوە»، ئەوە وتەی یەکێک لە ئەندامانی

> ‘‘سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە، ئێدوارد ر رۆیس [کۆماریخواز–کالیفۆرنیا] گوتی: تێگەیشتنی گشتی ئەوە بوو کە ئێمە [یاسای ئابلۆقەکان] نوێ بکەینەوە تا لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێ وەرگرین. رێککەوتنەکە ئەوە بوو کە ئێمە ئەو [ئابلۆقانە] بە هەڵواسراوی بێڵینەوە و یاساکە لە جێی خۆی بێ تا لە بەڕێوەچوونیان دڵنیا بین‘‘

هەرچەند کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی‌تر ساڵی رابردوو رێککەوتن کە وردەوردە بەشێک لە ئابلۆقەکانی دژی ئێران لە بەرامبەر وەستاندنی بەرنامەی ناوکی لە لایەن تارانەوە هەڵگرن، بەڵام ماوەیەکی دوورودرێژ بوو کە نوێنەرانی هەردوو لا [کۆماریخواز و دێموکرات] مشتومڕیان بوو کە نوێکردنەوەی بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێران بۆ دڵنیا بوون لە هەبوونی رێکاری سزادەرانە پێویستن کە ئەگەر ئێران لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی لە رێککەوتنی ناوکی خۆی لادا، کەڵکیان لێ وەرگیرێت.

لەو کاتەوە، کۆشکی سپی(ئۆباما) نیشانی داوە کە پێی وایە کە نوێکردنەوەی بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێران پێویست نیە، بەو ئیدیعایە کە سەرکۆمار هەر ئێستا لە ئەگەری هەر پێشێلکارییەک بەرامبەر بە رێککەوتنەکە، هەروەها لە بارەی جموڵە مووشەکی‌یەکانی ئەو دواییانە یا خود هەر جووڵەیەکی شەڕانگێزانە، دەسەڵاتی هەیە کە ئابلۆقە بخاتە سەر تاران. رێبەرانی کۆنگرە ئەو دەلیلانەیان قەبووڵ نیە.

رۆژی دووشەممە، سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە، ئێدوارد ر رۆیس [کۆماریخواز–کالیفۆرنیا] گوتی: تێگەیشتنی گشتی ئەوە بوو کە ئێمە [یاسای ئابلۆقەکان] نوێ بکەینەوە تا لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێ وەرگرین. رێککەوتنەکە ئەوە بوو کە ئێمە ئەو [ئابلۆقانە] بە هەڵواسراوی بێڵینەوە و یاساکە لە جێی خۆی بێ تا لە بەڕێوەچوونیان دڵنیا بین.

نوێکردنەوەی بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێران مەرجەکانی ناگۆڕێ، بژاردەیەک کە چاوەڕوان دەکرێ کاردانەوەی لەسەر مشتومڕی سنا هەبێ، شوێنێک کە ٣ بژاردە لە بارەی نوێکردنەوەی یاساکە کێبڕکێیانە. جگە لە نوێکردنەوەی بێ ئاڵوگۆڕ، پێشنیارێک لە لایەن سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە سێنا باب کۆرکێر (کۆماریخواز–تێنیسی) ئامادە کراوە کە دەڵێ هەندێک ئابلۆقەی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ تاقیکردنەوەی مووشەکی بالستیکی، هەڕەشەی سایبێری و چالاکی‌یەکانی سوپای پاسداران بە یاساکەوە زیاد بکرێن. ئەوی‌تریان لە لایەن سێناتۆر لیندزی ئۆ گراهام (کۆماریخواز–کارۆلینای باشوور) بۆ بەستنەوەی یاسای بڕیاری ئابلۆقەکانی ئێران بە دانی یارمەتیی ١.٥ میلیارد دۆلاری بە ئیسرائیل. بەڵام هەرکام لەو دوو پێشنیارە زۆر زەحمەتە زۆرینەیەکی بەرچاو لە سێنا، شوێنێک کە زۆربەی دێموکراتەکان لایەنگری نوێ کردنەوەی ئابلۆقەکان بە بێ ئاڵوگۆڕن، دەستەبەر بکا.

دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران هەروەها سیگناڵێکە بۆ ترامپ، کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن‌دا بەڵێنی دەدا کە لە کاتی دەستبەکاربوونی‌دا رێککەوتننامەی ناوکی هەڵدەوەشێنێتەوە و جارێکیان گوتی کە ئەوە ئەولەوییەتی یەکمیەتی، کاتێک کە ئەو ببێ بە سەرکۆمار. بەڵام لەو حەوتوویەی دوای هەڵبژێرانی، ئەو لەو هەڕەشەیە پاشەکشەی کردووە. حەوتووی رابردوو یاریدەدەری پایەبەرزی ترامپ لە کاروباری دەرەوە وەلید فارێس

کۆماریخوازی کۆنگرەیە کە ئەوەشی زیاد کرد کە حیزبی کۆماریخواز هیوادارە کە ترامپ ئابلۆقە و زەختی زیاتر بخاتە سەر ئێران بۆ کۆنترۆڵی زیاتر لە سەر دانی پارە بە ئێران. حیزبی کۆماریخواز گوویەتی کە نزیکەی ١.٧ میلیار دۆلار کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بۆ ئێرانی نارد لە راستی‌دا «باج» بوو؛ چونکە کاتەکەی لەگەڵ ئازاد کردنی زیندانیانی [ئێرانی] ئەمریکایی کە لە تاران راگیرابوون، یەک بوو.

کۆنگرە هەر ئێستا چەند رێکاری بۆ زەخت خستنە سەر ئێران لەو بوارانەدا پەسەند کردوون، و ئێستا رۆژی چوارشەممە، لەوانەیە یەکی‌تر پەسەند بکا کاتێک کە دەنگ وەردەگیرێ لەبارەی پێشگرتن بە بوئینگ بۆ ناردنی فڕۆکە بۆ ئێران. ئۆباما هەر ئێستا بەڵێنی داوە کە بڕیارەکە ڤیتۆ بکا.

بەڵام لەپێشدا، یاسادانەرانی کۆنگرە دەنگیان بە بڕیارێکدا کە ئابلۆقە بخەنە سەر سەرکۆماری سووریە، بەشار ئەلئەسەد و هەر کەسێکی‌تر، لەنێویان‌دا ئێران و روسیە، کە پشتیوانی لە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ وەدەستهێنانی چەکوچۆڵ بۆ بەکارهێنانیان لە شەڕی نێوخۆی سووریەدا بکا.

ئامانجی رێکارەکە هێنانە ئارای وەڵامێکی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە کوشتاری خەڵکی سیڤیلە، کە کەسێکی هەڵهاتوو [لە نێو رێژیمی ئەسەد] هەزاران وێنەی لە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی سیڤیل و ئەشکەنجەی نێو زیندانەکان گرتووە.

بەڵام بە تێکەڵ کردنی روسیە لەگەڵ ئەو رێژیمانە، کە دەبنە ئامانجی ئابلۆقەکان، کۆنگرە بەرەوڕووی مەترسیی ناکۆکی لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ، کە هەڵسوکەوتێکی دۆستانەتری بەرامبەر بە روسیە هەیە و ستراتێژی خۆتێوەرنەدان بەرامبەر بە سووریە هەیە، دەبێ.

ترامپ هێشتا یاساکەی هەڵنەسەنگاندووە. رێبەرانی کۆماریخوازی کۆنگرە ئەو حەوتووە دڵنیا بوون کە هەر جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و سەرکۆماری هەڵبژێراو لە بارەی هەڵسوکەوت ئەوان لە بەرامبەر روسیە هەبێ، نابێتە هۆی هاودەنگ نەبوون لەبارەی ئەو یاسایە.

رۆژی دووشەممە رۆیس گوتی: «بەبێ لەبەرچاو گرتنی روانگەی خەڵک لەسەر رێژیمێک، یان ئێمە چۆن چاو لە مەتەڵی سووریە دەکەین، دەبێ ئەو کەسانەی کە ئەنجامدەری تاوانی جەنگی لەو قەوارەدا بوون بەرپرسیارییەکەی وەئەستۆ بگرن». «بەبێ لەبەرچاو گرتنی روانگە لەسەر سووریە، هەندێک هاوڕایی لە بۆچوونەکان لە بارەی ناردنی پەیامێک لەمەڕ ئەو شێوە هەڵسوکەوتە هەیە.»

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پاول د. رایان (کۆماریخواز– ویسکانسێن) لە وتەیەکی‌دا رۆژی سێ شەممە گوتی: «کە ئەو خۆشحاڵە کە کۆشکی سپی چیتر پێش بەو ئابلۆقانە، کە وەڵامی پێویست بە تاوانەکانی رێژیمی ئەسەد بە دژی مرۆڤایەتین، ناگرێ».

ئیسلامی سیاسی
[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی سێزدەیەم)

حەسەن حاتەمی

**حیزبی میللەلی ئیسلامی**

ئەو حیزبە لە ساڵەکانی ١٣٤٠- ٤١ بەهۆی «سید کاظم بجنوردی» و هاوبیرانی لەسەر چوار ئەسڵ دامەزرا.

یەکەم، پێداگری لەسەر ئیسلام.

دوویەم، کەڵک وەرگرتن لەقورئان و عەقڵ.

سێیەم، هەڵوێستە لەسەر هاوپێوەندی میللەتە ئیسلامی‌یەکان لەو وڵاتانەی تێدا دەژین و چوارەم، بڕوا بە شۆڕش کردن.

ئەو حیزبە شەڕی چەکداری و بردنی بۆ نێو خەڵکی، بەدژی دەسەڵاتی پەهلەوی دووهەم تەبلیغ دەکرد کە بە بڕوای ئەوان، ئەو کردەوەیە دەتوانێ راپەڕین پێک بێنێ. ئەو رێکخراوە، ساڵی ١٣٤٤ خۆی ئاشکرا کرد. بەڵام هەر لە سەرەتای دەسپێکی جموجۆڵیان‌دا، ساواک بە دوای گرتنی کەسێک بە ناوی «محمد باقر صنوبری»، زۆربەی ئەندامەکانی دیکەشی گرتن. لەنێو ئەوان‌دا، جگە لە بجنووردی – کە بە زیندانی ئەبەد مەحکووم کرا–، «سید ابوالقاسم سرحدی زادە- ١٥ ساڵ- و محمد جواد حجتی کرمانی - ١٠ ساڵ-» حوکم دران.

مانگنامەی»خلق» ئۆرگانی ئەو حیزبە بوو. ئەستێرەیەکی ٨ تیشکی، کە جەغزێکی سپی لە نێوەندی هەبوو، پێناسەیان بوو. یەکەمین ژمارەی «خلق»، لە یەکەمی رێبەندانی ١٣٤٣(١٩٦٥) و لە ساڵڕۆژی شەڕی «بدر» بڵاوکرایەوە. لەو ژمارەدا، باسی سیاسەتی ئەمریکا، هێزە نیزامی ئەمریکاییەکان لە ڤێتنام، کوودێتای سیا لە سایگۆن- پێتەختی ڤێتنامی باشووری ئەوکاتی-، ناڕەزایەتی لە یەمەن، خەباتی خەڵک لە ئەلجەزایر و... تێدا نووسرابوو.

ئەو حیزبە هاوتەریبی موءتەلیفەی ئیسلامی و رێکخراوە مەزهەبی‌یەکانی دیکە بوو. بەڵام ئەندامەکانیان پتر لە نێو قوتابی‌یەکان، مووچەخۆرانی دیپلۆمە و بێ‌ئەزموونەکان لە سیاسەت‌دا سازمان دەدا. لەنێو ئەندامە زیندانی‌یەکانی ئەو حیزبەدا، تەنیا یەک روحانی تێدا بوو، بە ناوی»محمدجواد حجتی کرمانی». ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامەکانی ئەو حیزبە کە نەگیرابوون، پاشان گرووپێکیان بەناوی «حزب الله« پێک هێنا، کە چالاکی بەرفراوانی بۆ نەکرا.

لە بارەی ئەو حیزبەدا، لە کتێبی «١٤ سال رقابت ایدئولوژیک شیعە در ایران» (١٤ ساڵ ململانێی ئیدیۆلۆژیکی شیعە لە ئێران‌دا) نووسراوە: لە مانگی رەشەممەی ١٣٤٠دا، یەکەمین هەستەی حیزبی میلەلی ئیسلامی دامەزرا. لە یەکەم کۆبوونەوەی‌دا، «سید کاظم بجنوردی، هاشم آیت الله زادە، حسن عزیزی، محمد مولوی، عربشاهی و سید محمود طباطبایی قمی» لە ماڵە «آقا هاشم» کۆبوونەوە و «آقای بجنوردی» ئامانجی حیزبی نووسی. دەستەی یەکەمی حیزب - جگە لە مولوی-، هەموویان دیپلۆم و سەڵت (مجرد) و نزیکەی ٢٠ ساڵیان تەمەن بوو.

پێکهاتەی ئەو حیزبە بریتی بوو لە: کۆمیتەی ناوەندی، شەبەکەکان، کادر، دەستە، واحید، مەدرەسە، کلاس. بەو شێوەیە: هەر کلاس لە چوار کەس و هەر کلاس یەک مەدرەسە. هەر دوو مەدرەسە یەک واحید. هەر دوو واحید، یەک لق(شاخە). هەر دوو شاخە یەک دەستە و هەر دوو دەستە یەک گرووپ. هەردوو گرووپ یەک کادر و هەر چەند کادر دەبوونە شەبەکەیەک.

ئەو حیزب سەرەتا زۆرترین چالاکی خۆی بۆ ئامووزشی کادر لەنێو ئینسانە موئمین و سیاسی‌یەکان تەرخان کرد. بۆ ئەوکارە ١٦ ژمارەی بەناوی»نشریە«دەرکرد. لە ژمارە ٤ی «نشریە«دا، ئیسلام و نەخشی ئیمان لە تێکۆشانی خەڵک باسی لێکراوە. هەروەها لە ژمارە ١٢دا نووسراوە، سەلتەنەت موخالیفی ئیسلامە. لە مەرامنامەکەشیان‌دا باس لەوە کراوە کە ئەو حیزبە هەوڵدەدا، حکوومەتیکی جیهانی ئیسلامی فدراتیڤ دامەزرێنی.

– گووگڵ–

**موئتەلیفەی ئیسلامی**

ئەو رێکخراوە بە ناوەکانی بەرەی موئتەلیفەی ئیسلامی، جەمعییەت هەیئەتهای ئیسلامی و حیزبی موئتەلیفەی ئیسلامی چالاکی هەبوە.

ئەو رێکخراوە لە ئیئتلافی ٣ هەیئەتی مەزهەبی لایەنگری خومەینی - هەر لە ماڵەکەی ئەو-، بە ناوەکانی هەیئەتی مزگەوتی شێخ عەلی، هەیئەتی ئیسفەهانی‌یەکان و هەیئەتی موئەید، شکڵی گرت و لە ساڵی ١٣٤٢(١٩٦٣)، دامەزرا. زۆربەی ئەندامانی «فدائیان اسلام» دوای ئیعدامی نەوابی سەفەوی- کە پەرش و بڵاو ببوون-، چونە نێو ئەو رێکخراوەیە.

موئتەلیفە پێش سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی بەرایی لە ئێران‌دا، بەشێک لە کردەوەکانی خۆی ئەوا باس دەکا : لە دژایەتیی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی و رێفراندۆمی شا چالاک بوە. پەیرەوی لە « ماتەمینی میللی» نەورۆزی ١٣٤٢، بە دستووری حوجەتولئیسلام خومەینی کردوە. لە سازماندانی چۆنیەتی پێکهاتنی نارەزایەتی‌یەکانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢دا، لە مەدرەسەی فەزییەی قوم و تەحریمی مەجلیسی دەورەی ٢١دا، نەخشی گرینگی هەبووە. هەروەها «حسنعلی منصور» - سەرۆک وەزیری ئەوکاتی-، لە ساڵی ١٣٤٣ دا، بەشێوەی تیرۆر کوشتوە؛ لە بەر ئەوەی لایەنگری لە لایحەی کاپیتالاسیۆن( مصونیت قضایی) ، بۆ ئەمریکاییەکان دەکرد. دامەزرانی «صندوقهای قرض الحسنە« و ئەنجام دانی رێوڕەسمە مەزهەبی‌یەکان و بەشداری لە کۆمیتەی پێشوازی لە کاتی هاتنەوەی ئایەتوڵلا خومەینی‌دا، کردوە و پارێزگاری و ئیدارە کردنی شوێنی مانەوەکەی لە تاران لە ئەستۆ بوە.

– سەرچاوە گووگڵ–

**رێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران**

ئەو رێکخراوە بە نهێنی لە ساڵی ١٣٤٢، لەلایەن سێ خوێندکار بە ناوەکانی «محمد حنیف نژاد، سعید محسن، علی اصغر بدیع زادگان « دامەزرا. سازمانی موجاهیدین دوو ساڵ دواتر (١٣٤٤)، بە رسمی راگەیاندرا. ئەوان پێشتر لە نێو رێکخراوی نێهزەتی ئازادی ئێران‌دا چالاک بوون. ئامانجی موجاهیدین، خەباتی چەکداری بە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم بوو. چونکە ئەوان پێیان وابوو: سەرکوتی ناڕازییەکانی ١٥ ی جۆزەردانی ١٣٤٢، بەهۆی ساواک و هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم، گیران و دادگایی و زیندانی کرانی «مهدی بازرگان، یدالله سحابی و آیت الله طالقانی» و هەڵسوکەوتی گرتن، ئەشکەنجە و ئازار، زیندانی و دوورخستنەوەی تێکۆشەرانی دیکە، شکستی تێکۆشانی ئارام و هێمنانەیەی لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٣٩ – ٤٤ ، بەهۆی دەسەڵاتدارانی سەلتەنەتی لەنێو برا و رێژیم ئاڵوگۆڕ هەڵناگرێ و دەبێ بڕووخێ.

چالاکانی موجاهیدین بەتایبەتی لاوەکانیان، ستراتێژی خەباتی توندوتیژ(قهرآمیز) و توندبیری‌یان، گرتەبەر. هەروەها، بەرەبەرە بەسوودوەرگرتن لە تیئۆریە شۆڕشگێڕیەکانی ئەمریکای لاتین، بەتایبەتی شێوەی «چریک شهری» و کاری نهێنی و چەکدارییان لە تاکتیک‌دا قبووڵ کرد.

ئەوانئامانجی بنەڕەتی رێکخراوەکەیان بەوجۆرە پێناسە دەکرد: دامەزرانی کۆمەڵگای یەکسانی تەوحیدی(جامعەء بی طبقەء توحیدی)، لەرێگای ئیسلامی شۆڕشگێر و مەکتەبی، بەڵام بە رێبازی ناسیونالیزمی ئێرانی- بەشێوەیەک موسەدقی-، ئابووری جیهانی- بەشێوە مارکسیستی یا عەداڵەتخوازانە و دژی ئیمپڕیالیستی -.

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) و لە بەرەبەری بەرێوەبەری، «جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهنشاهی»دا، ١٣ کەس لە رێبەرانی موجاهیدین گیران. پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر ١٢ کەسیان کوژران. «مسعود رجوی» تەنیا کەسێک بوو کە- بەهۆی تێکۆشانی بێوچانی دکتور کازمی رەجەوی برای لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان-، لە ئیعدام رزگاری بوو. چالاکانی موجاهیدینی خەڵق، لە دەرەوەی زیندان بە ئەنجامدانی چەند کردەوی چەکداری، پتر لەنێو کۆمەڵگەدا، ناسران.

لە دەیەی ١٣٥٠دا، گوشاری بەرفراوانی ساواک بۆ هێزە بەراییە سیاسی‌یەکان هێنرا. رێکخراوی موجاهیدین لە هەلومەرجێکی دژواردا، بە نهێنی تێدەکۆشا. لەوکاتی‌دا ژمارەیەک لە «رووناکبیرە مەزهەبیە موسڵمان و روحانییەکان»ی شیعە پشتیوانیان لە موجاهیدین دەکرد. کاربەدەستە ئەمنییەتی‌یەکانی رێژیمی محەممەد رەزا شا، موجاهیدینیان ناو نابوو «مارکسیستهای اسلامی».

– ویکی پێدیا–

# کۆتایی شەڕ لە وێرانەشاری حەڵەب، کۆتایی قەیرانی سووریە نییە



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژهەڵاتی شاری کاولکراوی حەلەب لە لایەن هێزەکانی بەشار ئەسەد و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستە و تاقمە میلیشیا شیعەکانەوە، بە هاوکاری فڕۆکە شەڕکەرەکانی رووسەکان، پاش نیزیکەی چوار ساڵان، دەستی بەسەردا گیرا و پرۆسەی چوونەدەری خەڵکی ئاسایی و هێزە نەیارەکانی بەشار ئەسەد لە پاش مشتومڕێکی زۆر لەحاڵی جێبەجێکردن دایە. بەو حاڵەش، بێباوەڕی لایەنەکان و رۆڵی گێرەشێوێنانەی کۆماری ئیسلامی و ناکۆکی لەسەر خاڵەکانی رێکەوتن و چۆنیەتیی بەکردەکردنی، ئەو پرۆسەیەی تووشی ئەگەری سەرنەگرتن و سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی شەڕ کردووە. هەر بۆیەش فرانسوا دلاتر نوێنەری فەرانسە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنووسی گەڵاڵەیەکی پێشکەشی ئەو رێکخراوە کردوە تا نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێری دەربازبوونی ئەو دەیان هەزار خەڵکە بکات کە لە ناوچە گەمارودراوەکاندا لە چاوەڕوانی و ترس و دڵەراوکێدا ماونەتەوە.

شەڕی حەڵەب چ کۆتایی بێ یان چ دەست پێ بکاتەوە، شەڕ لەو وڵاتە کۆتایی نایە و بە لەبەرچاو گرتنی رێژە و توانایی نیزامی و ئەو پانتایە زۆرەی دەستە و تاقمە شەڕکەرەکان لە دەستیان دایە، هیچکامیان ناتوانن، بە هاسانی و بەبێ یارمەتی دەرەکی سەرکەوتن بە دەست بێنن. وەک سەرەڕای پشتیوانی هەمەلایەنەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، هەتا رووسەکان نەهاتنە کایەکەوە، هێزەکانی بەشار ئەسەد لە پاشەکشێدا بوون و قسە لە لادانی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە جیهانیەکاندا لە ئارادا بوو، بەڵام دواتر بارودۆخەکە گۆڕا و ئەوەی ئێستا دەیبینین هاتە کایەوە. بەو حاڵەش لە ئەگەری درێژە کێشانی ئەو شەڕە



”شەڕی حەڵەب چ کۆتایی بێ یان چ دەست پێ بکاتەوە، شەڕ لەو وڵاتە کۆتایی نایە و بە لەبەرچاو گرتنی رێژە و توانایی نیزامی و ئەو پانتایە زۆرەی دەستە و تاقمە شەڕکەرەکان لە دەستیان دایە، هیچکامیان ناتوانن بە هاسانی و بەبێ یارمەتی دەرەکی, سەرکەوتن بە دەست بێنن “

بە میلیۆنان کەسی دیکە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و تراژێدیی گەورەتری لێدەکەوێتەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تاقەتی هەزم و هەڵگرتنی ئەو بارگرانایییەی نامێنێ.

ئێستا ئیدی باس لە رووخاندنی بەشار ئەسەد لەو قۆناغەدا ناکرێ و هەموو لایەک بە ئەمریکا و فەرانسە و تورکیەشەوە سەرەرای مەحکووم کردنی سووریە و کۆماری ئیسلامی و رووسەکان بە ئەنجامدانی جینایەتی دژ بە مرۆڤایەتی لە سووریە و بەتایبەت لە شەڕی حەلەب، هاتوونە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ جارێ هەرچۆنێک بێ پێش بەو شەڕ و کوشتار و کاولکارییە بگرن. شەڕێک کە هەتا ئێستا نیزیکەی نیو میلیۆن کوژراو و زۆر زیاتر لەوە بریندار و دە میلیۆن ئاوارە و لێقەوماوی لێکەوتۆتەوە.

بەڵام ئەو قەیران و شەڕە بەرەو کوێ دەڕوات و چۆن کۆتایی پێدێ!؟ ئەوە پرسیارێکە کە هەرکام لە لایەنەکان لە روانگە و سۆنگەی خویەوە وەڵامی بۆی هەیە. بەڵام ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە یەکەم: ئەگەر بڵێسەی ئەو شەڕە لە نێوخۆی سووریە و بە دەستی هێزە نێوخۆییە نەیارەکان هەڵایسا، ئەوا لەسەر دەستی ئەواندا خامۆش نابێتەوە. دووهەم: هێزە دەرەکیە ناوچەیەکان، بەتایبەت، کۆماری ئیسلامی و تورکیە کە رۆڵگێری سەرەکی بوون لە تەشەنەسەندنی ئەو شەڕە و هەرکامیان بۆ پشتیوانی لە لایەنێکی ئەو تراژێدیە ئینسانییە، چالاکانە و بە هێزەوە لە کایەکەدا بوون، دەتوانن رۆڵی بەرچاویان هەبێ لە کپ کردنەوەی ئەو شەڕەدا. سێهەم: ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا لە لایەک و لە لایەکی دیکەش رووسیەیە کە دەتوانن رۆڵی سەرەکییان هەبێ لە دامرکاندنەوەی شەڕی سووریە و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بکەن هەتا پرۆسەی وتووێژەکان دەسپێبکەنەوە. دیارە بەلەبەرچاوگرتنی باڵانسی هێزەکان و ئەو راستیە کە هەمولایەک تێگەیشتوون کە یەکتریان بۆ لەنێو ناچێ و ئەو قەیرانی مرۆییە کە بەرۆکی جیهانی گرتوە دەبێ بە شێوەیەک کۆتایی بێ؛ هەوڵێکی لەم چەشتە لەگەڵ دژایەتیی بەکردەوەی هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکی بەرەوڕوو نابێ و لە نێوخۆش، لانیکەم شەڕ رادەگیرێ و ئەو کات لایەنە دەرەکی و نێوخۆییەکان زۆرتر لەسەر لەنێو بردنی داعش و بەرەی نووسرە تەرکیز دەکەن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ رووسیە ئەو پرۆژەیەی هەتا ئێستا رانەگەیاندووە و لەگەڵ شەریکە تازەکەی واتە تورکیە نەیخستۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟!

بێگومان رووسیە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی شەڕی حەلەب و سەرکەوتنی هێزەکانی بەشار ئەسەد بوو. ئەوەی راستی بێ گرینگیی گرتنەوەی رۆژهەڵاتی حەلەب بۆ رووسەکان کەمتر لە گرینگیی گرتنەوەی ئەو بەشە لەو شارە بۆ بەشار ئەسەد و دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی نییە کە لەو چەند رۆژەدا بەردەوام پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن. نابێ لەبیرمان بچێ سەرەڕای ئەوەی جارێ ئەو لێکدان و پێکدادانە لەو وڵاتە زۆری بە بەرەوە ماوە، بەڵام سەرکەوتن لەو شەڕەدا، سەرکەوتنی رووسەکان بوو، نەک هەر بەسەر نەیارانی ئەسەددا، بەڵکوو سەرکەوتنی سیاسی و ناوچەییەکی بەهێز بوو بەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیدا.

جگە لەوەش رووسەکان هەروەک باراک ئۆباما باسی لێوەکردوە، دەستیان هەبووە لە هەککردن و بڵاو کردنەوەی تێکشکاندنی داعش و بەری نووسرە و گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە، یان بە پێچەوانە، لە بازنەی کێبەرکێی نێوانیاندا ئەو گێژاو و قەیرانە بە ئاقارێکی مەترسیدارتر بەرن و تەنانەت ئاسایش و ئەمنییەتی جیهانیش لە مەترسی تێداچوون باوێژن.

ئەوەی راستی بێ و دیارە و هەموو لایەک بە ئەمریکاشەوە ناچارن بیسەلمێنن، رۆڵی سەرەکیی رووسیەیە لەو بەینەدا. ئەو زلهێزە لەخەو رابووە، کە سەودای سەردەمی سۆڤیەتی پێشووی لەسەر دایە و باش دەزانێ، وەک چۆن توانی بە دەستێوەردانی راستەوخۆی هێزەکانی، باڵانسی هێز بە قازانجی ئەسەد و کۆماری ئیسلامیی ئێران بگۆڕێ، ئاواش دەزانی کە دەتوانێ بە هاوکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەتایبەت تورکیە، ئەو شەڕ و ئاژاوەیە لە رێڕەوی بەرەو کۆتاییدا بەروە پێش بەرێ. هەر بۆیەشە کە دیتمان و بیستمان کە پۆتین لە سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی ژاپۆن باسی لەوە کرد کە لەگەڵ تورکیە نەک هەر لەسەر شەڕی حەلەب و چوونەدەرەوەی خەڵکی ئاسایی و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکوو لەسەر ئاگربەس و راگرتنی شەڕ لە سەرانسەری سووریەدا رێککەوتوون.

رووسەکان کە بە تەواوی هێژمۆنییان بەسەر رێژیمی بەشار ئەسەددا هەیە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش تورکیە کە بەشێکی لە رۆژاوای کوردستان و سووریەی لەژێر دەست دایە و سەرەداوی ئەرتەشی بەناو ئازادی سووریە و چەند دەستە و تاقمی عەرەبی سوونە و تورکەمانی لە دەست دایە، لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا پێوەندییەکانیان، سەرەڕای گرژییەکانی دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکە رووسییەکە، گەرم و گوڕ کردوە و بەتەمان کێشەی سووریە بەو شێوەیەی کە مەبەستیانە چارەسەر بکەن. رووسەکان و تورکیە دەیانهەوێ و دەتوانن سەرەڕای پێناخۆش بوونی کۆماری ئیسلامی، زەخت لە دوولایەنی ناوبراو واتە رێژیمی ئەسەد

ئیمەیلەکانی هیلاری کلینتۆن، بەربژێری دیمۆکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایەی ئەمریکادا و بەم جۆرە جێگە و پێگەی دیمۆکراتەکانیان لەو هەڵبژاردنەدا لاواز کرد. تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە بە قازانجی دۆناڵد ترامپ دستیان لە گۆڕینی دەنگی دەنگدەراندا هەبووبێ؛ هەر بۆیەش زۆر روون و ئاشکرایە بۆ پشتگیری لە ترامپ کە بە دۆستی رووسەکان و پۆتین دەژمێردرێ، رووسەکان ئامادە نەبن لە سەردەمی دەسەڵاتداری دیمۆکراتەکاندا، کێشەی سووریە و ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە بە شەریکایەتی دیمۆکراتەکان چارەسەر بکەن.

رەنگە ئەگەر باراک ئۆباما و دیموکراتەکان رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گەورەترین دەسکەوتی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان دابنێن، گومان لەوەدا نییە لە سووریەدا سیاسەتێکی ئەکتیڤ و یەکلاکەرەوەیان نەبووە و تووشی رەخنەی زۆری دەرەکی و نێوخۆیی بوون. بەتایبەت کە بیرورای گشتیی جیهان و هەموو ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا و کۆماریخوازەکان لە ئەمریکادا دەزانن، ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٣ کە رێژیمی بەشار ئەسەد لە شارۆچکەی غوتە لە دەورووبەری دەمێشق چەکی شیمیایی بەکار هینا، باراک ئۆباما و دیمۆکراتەکان بە رەزامەندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەگژ بەشار و رێژیمەکەیدا چووبانەوە، ئەو هەمووە کاولکاری و کوژران و ماڵوێرانی لێ نەدەکەوتەوە و کێشەکە بەئاقارێکی دیکەدا دەرۆیشت و ئەمریکا وەک یەکەم زلهێز لە جیهاندا رۆڵی خۆی دەگێڕا و رووسەکانیش دژایەتیی دەستێوەردانی ئەوانیان لەو کاتدا نەدەکرد.

بەڵام لە ئەگەری سەرکەوتنی سێناریۆی رووسەکان و سەرکەوتنیان لە راگرتنی شەڕ لە نێوان ئەسەد و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، هەنگاوەکانی دوایی چ دەبن و داهاتووی سووریە چۆن دەبێ؟!

بێ گومان پێشبینی کردنی رووداوەکانی سووریە سەختە و بەستراوەتەوە بە هەڵوێست و نەقشەرێگای زلهێزە جیهانییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە رووسیە و ئەمریکا و کاریگەریی هێزە ناوچەییەکانی وەک تورکیە و کۆماری ئیسلامی و لە کۆتاییدا هێزە نێوخۆییە دژبەرەکان و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە.

لە پێوەندی لەگەڵ رووسەکانیشدا دیارە ئەو وڵاتە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ نیشانی داوە لە دۆستایەتیدا زۆر پێداگر نییە و ئەوەی بۆی گرینگە، بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و لەگەڵ هەموو دەوڵەت و لایەنێک ئامادەی ساتوسەودایە. هەر بۆیەش هیچ بەدوور نییە ئەو زلهێزە لەگەڵ ئەمریکای دوای ئۆباما لەسەر هەموو ناکۆکییەکانی لەپێوەندی لەگەڵ شەڕی سووریەدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەڵێنییەکانی بە ئەسەد و کۆماری ئیسلامی رێک بکەوێ. جگە لەوەش تێچووی ئەو شەڕە بۆ رووسەکان کەم نییە و ئەوان باش دەزانن لە کاتێکدا گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپایان لەسەرە، درێژەکێشانی ئەو شەڕە لە لایەک زیانی زۆر بە ئابووریی ئەو وڵاتە دەگەیەنێ و نارەزایەتیی نێوخۆیی لێدەکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەش، بەتایبەت بە لەبەرچاو گرتنی دەیان نموونە لە کوشتاری خەڵکی بێتاوان، بە ژن و منداڵانەوە لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی رووسییەوە ، کۆمەڵگای جیهانی سزای ئابووریی زیاتری بەسەردا بسەپێنن.

هەر دوو رێژیمی کۆماری ئیسلامی و تورکیەش ئەگەر لەسەر هەموو خاڵەکان ناکۆک بن، لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی سووریەدا یەک هەڵوێستن. دیارە تورکیە کە هاوسنووری سووریەیە و ئێستا هێزەکانی لە نێو رۆژاوای کوردستاندا مۆڵ داوە، زۆری پێخۆشە مانەوەی هێزەکانی لەو بەشە لە کوردستاندا وەک ئەمری واقع لێبکات و بە بیانووی پاراستنی سنوورەکانی و هەروەها کەمینەی تورکەمانەکان، بۆ ماوەیەکیش بێ، دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێ و هەر چۆنێک بێ نەهێڵێ ئاواتی لەمێژینە کوردەکان بۆ لکاندنەوەی ناوچەی ئەفرین بە کۆبانی سەرکەوێ.

بەو حاڵەش ئەوەی دیار و ئاشکرایە، سووریە لە هەر حاڵێکدا ناگەڕێتەوە دۆخی پێش شەڕ و کوشتاری ئەو چەند ساڵە و رەنگە تەنانەت رێژیمەکانی کۆماری ئیسلامی و تورکیەش ناچار بن ئەو راستییە قەبووڵ بکەن. دەریایەک خوێن لە نێوان کەمینەی عەلەوییەکان کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە و تەنیا نیزیکەی ١٣ لە سەدی خەڵکی ئەو وڵاتە پێکدێنن لەگەڵ عەرەبی سوونە خولقاوە و ئاشت کردنەوەیەکی هەنووکەیی و لەپاش کۆتایی شەڕ زۆر دەگمەن و بەدوورە.

هەروەها لە رۆژاوای کوردستانیش، سەرەڕای ناکۆکی نێوان حیزب و رێکخراوە کوردییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان، کورد فاکتەرێکی گرینگە و بۆ بەربەرەکانی لە مان و بوونی خۆی گەلێک قوربانی داوە؛ دەسکەوت و هێزی هەیە و چەند ساڵە دەسەڵاتی بەسەر خاکی خۆیدا کردۆتە ئەمری واقع و تەنانەت لە هاوکێشەی سووریەدا لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاواییی پشتیوانی لێدەکرێ. هەربۆیەش کوردەکانیش لە باڵانسی هێزدا دەتوانن رۆڵگێر بن. بوونی سووریەی یەکگرتوو بە شێوەی پێشوو لە داهاتووی رۆژهەڵاتی نێوەراست و لە ئەگەری بەکردەوە بوونی هەر چەشنە پلان و نەقشە رێگایەکدا مەحاڵە و سەردەمی دەوڵتی یەکانگیر لەو پانتا جوغرافیاییە بەسەر چووە. رەنگە بەشار ئەسەد لە داهاتووی سووریەدا رۆڵگێر بێ، بەڵام بێ گومان لە رۆژئاوای سووریە کە عەلەوییەکان زۆرینەن دەتوانێ رۆڵی هەبێ.

بێ شک ئەوەی چاوڕروان دەکرێ لەگەڵ ئەوەی لە سووریە، لە داهاتوودا روو دەدات رەنگە لەسەدا سەد یەک نابێ، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە نەک سووریە، بگرە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە.

سەرنج

# «یەکگرتن» و گەمەکانی پشتی!

خالید محەممەدزادە

ئەو باس و خواسانەی ناوەناوە سەبارەت بە پرسی «یەکگرتن» لەنێو بلوکبەندی حیزبە سیاسییەکان دەبینری، هێندەی هەوڵێکە بو لێکترازانی زیاتر و لێدان لە بەرامبەر، هێندە هەوڵێک نیە بو یەکگرتن!

گەشتێکی خێرا بە نێو تورە کۆمەڵایەتییەکان و رامان لە هەڵسوکەوتی خوازیارانی بەناو یەکگرتنەوە پێمان دەڵێ چۆن لەژێر ناوی «یەکگرتنەوە»، پەلاماری هەموو دەنگێک و هەموو جیاوازییەک و هەموو رەخنە و رایەک دەدرێ تا ئاستی سڕینەوەی هەندێک لایەنی سیاسی!

خوازیارانی «یەکگرتنەوە» هەندێک جاریش تا ئاستی کومێدی بوون دەڕۆن بەوەی کە بە پاتەک لێدان لە بەرامبەر و، هەڵخەڵەتانی چەن کەسێک بو لای خویان، جاڕی یەکگرتنەوە لێدەدەن و چەند نمایشێکی تەلەفزیۆنیشی بۆ رێکدەخەن و هەوڵ دەدەن ئەم دەستبردن و پاتەک لێدانە وەک یەکگرتنەوە بە خەڵکی بفرۆشنەوە، نمایشێکی تەلەفزیۆنی گاڵتەجاڕانە کە زیاتر کار لەسەر سوککردنی هەڵگەراوەکان دەکا تا یەکگرتن. ئەوەی لە پشت ئەم ژێست گرتنە بە ناوی یەکگرتنەوە دەبینرێ هەمان هەوڵی ئینشعابە، هەوڵێک کە جاری یەکەم تێیدا سەرکەوتوو نەبوون لەسەر پانکردنەوەی رەخنەگران و نارازیان و ئەوجار بە ناوی یەکگرتنەوە دەیانەوە ئاداریان بە سەر پادارەوە نەمێنێ!

بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە باوەی لە یەکگرتن هەیە، یەکگرتن، سڕینەوەی جیاوازییەکان نیە، هێندەی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و داڕشتنی فۆرمێکی هاوبەشی دێموکراتیکە بو پێکەوەبوون، کە ماف و ئەرکی هەموو لایەک تێیدا پارێزراو بێت و هەموو لە زەرفێکی هاوبەشدا بتوانن تەعبیر لە خویان بکەن و رووبەڕووی هەڵاواردن نەبنەوە.

بە تەعبیرێکیتر یەکگرتن تەنیا کوکردنەوی پرشوبڵاوییەکان نیە، هیندەی هەڵدانی چەترێکی هاوبەشە بو پرشوبڵاوییەکان و ئاراستەکردنێکی هاوبەشی دێموکراتیکە بۆ هەمووان بە جۆرێک کە هەمووان خویانی تێدا ببیننەوە.

لەگەل ئەوەش یەکگرتن تەنیا کوکردنەوەی ئاسەوارەکانی ئینشعاب و لێکترازان نیە هیندەی کارکردنە بو بودنیادنانی داهاتووی هاوبەش کە لە ئیستادا نابینرێ، ئەو کاتەش دەتوانین بە وێستگەی یەکگرتن بگەین کە کوتایی بەم ژاوەژاوە و دیماگۆجییە بە ناوی یەکگرتنەوە بیت.

ئەدەبی

# دڵدارەکەم

دڵدارەکەم
دەستەکانت بێنە تا ژیانم بەردەوام بێ
تۆم دۆزییەوە ئەی دڵدار لەنێو زەردەخەنەی
تەواوی ئەو رۆژانەی دادێ
چونکە بەر لەوەی تۆ بێیە نێو ژیانم
ئازیزم، گەلێک ژیابووی لەنێو خۆزگە
و خەونەکانم.
دواتر باران دایکرد
لەسەر شووشەی پەنجەرەی هەڵماوی،
ناوی تۆم تۆمارکرد.
بۆیە،
شەوی سامالی پڕ ئەستێرە، ژوورەکەمانی
داگرت
منیش هەروا دەستەکانی تۆم راگرت.
ئیتر ژیان بۆ هەمیشە بووە خاوەنی باوەڕ و
ئاسمان
قژەکانیشت چەشنی شەو، رەشی قەتران
لە دەمیشتدا بەهارێکی کامڵ وەک
هەناسەیەکی قووڵ جێگرت.
هەموو شتێ لەو جیهانە دەیتوانی بوونی بێ
دڵدارەکەم!
کاتێ زەردەخەنەت بۆ من بێ
لە کەمترین ساتێ لەگەڵ تۆدا
دەتوانێ ژیانی منیش تەواو کامڵ بێ.
ئازیزەکەم تۆ بە خۆبەخشینت ئاشنابووی

ئازیزەکەم، من شتێک زۆر زیاتر لە ئەوین
دەینداری تۆم
من گۆرانی، هیوا و ئەسرین قەرزداری تۆم
گەرەکم بوو ناوت بێنم و هاوار بکەم، ئەی
خۆشەویست!
بە هەموو هێزمەوە
وەستاکارانی سەر داربەندەکانیش بیبیسنەوە
تا دۆستایەتی خۆر بکەن
خەڵوزوانانی گەمی، ئەوانیش پێی بزانن
گشت گوڵەباخەکان پشوویان نوێ بکەنەوە
بەهار بیبیسێ و خێراتر وەڕێکەوێ
منالان گوێیان لێبێ و لە تاریکی نەترسێن
و قامیشەکان بۆ رۆخەکان بیلێنەوەو
سێگۆشەکانیش بە گوێی پەرژینی باخی
دادەنەوە...
ئەوەندە بەهێز هاواربکەن
کە هیچ خەونێک، خەونووچکەن هیباتەوەو
هیچ ئاواتێک مەرگ نەیقۆزێتەوە
زەمان گوێی لێبێ و دەست لە یەخەی تۆ
بکاتەوە،
خۆشەویستم،
.... لەنێو خۆشەویستیماندا چلەدارێک
پاسارییەک و
ئامێرێکی فیسارمۆنی رەنگدەداتەوە.
رۆژباش دراوسێیەکان
سەیری هۆوەی بکەن، ئەوەتا...



بە تەواوی خۆت بەخشی و
لە پشکی خۆت بێپەروا بووی
ئەگەر خۆبەخشینیشت تەواو بوو،
تەنیا بە دڵرفێنییەوە مابووی.
رۆژێک چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە
ئەو کاتە خاوەنییەتی گشت شەو و
گۆرانییەکان بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە
حەزم دەکرد، بەدەنگی بەرز بانگت بکەم:
خۆشەویستم!
بە هەموو هێزمەوە.
ئەوەندە بەرز بیلێمەوە
کە هیچ خەونێک، خەونووچکە نەیباتەوە
هیچ هیوایەک، مەرگ ئاوڕی لێنەداتەوە
بەڵێ، خۆشەویستم، بەر لەوەی شاد بم
بەدیدارت
من چاوەڕوانی تۆ بووم، هەمیشە چاوەڕوانت
کاتێک یەکەمجار هەڤدوومان بینی،
لەبیرتە؟
دەستەکانت بەوپەڕی نیانی بۆ من رادا
وەک ئەوەی منت سالانێک ناسیبێ،
تۆ بووی گۆمانت لادا
منت دەناسی، چونکە بەرلەوەی بێیە نێو ژیانم
سالانێک ژیابووی لەنێو خەونەکانم،
لە خەیاڵدا

خۆشەویستەکەم لەو گۆشەیە
سەیرکەن وەک بەهار بەڕێوەیە
سەیرکەن ئەو گەنجە جوامێرانە
کە بەشەنە چاویان لە ئێمەیە
کیژۆڵەکان، ئەوانیش لە پشت سەریانن
دەسکەنەی گزینگی خۆریان پیشەیە
ببینن، چۆن گشتیان دەڕواننە ئێمەو
چاوبڕکێیان هەگبەیە.
رۆژ باش
رۆژ باش هەر هەموو خوشک و برایانی
لێرەو لەوێ
وەرن دڵدارەکەم بە ئێوە بناسێنم
پێم بڵێن، جوانە یان نا؟
ئا خوشک و برایان!
ئەوم وەک ژیان و گۆرانی خۆشدەوێ.
لەوەش تێپەڕی
رۆژ باش ئاسمان، رۆژ باش خۆر، رۆژ باش
بەهار،
وەرن دڵدارەکەم بە ئێوە بناسێنم
رۆژ باش بەختەوەری.

**تاسۆس لیڤادیتیس**
**و: عەلی فەتحی**

مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر عەلی باڵەکی



**هەیاس کاردۆ**

«... ئەوان لەسەر دوندی شاخی جێگیر ببوون و شاهۆ خەریکی نووسینی راپۆرتی ئەو شەڕە بوو. بریندارەکان لەپەنا بەردان درێژ ببوون. دایکی عەلی لەنێو ئاوایی خەریکی دروست کردنی شیربرینج بوو... شاهۆ خەریکی نووسینی راپۆرتەکەی بوو و نووسی: دوو شەهید و سێ بریندار. کە گەیشتە سەر وشەی شەهید، سەری هەڵبڕی و چاوێکی لە عەلی کرد. تەماشای کرد عەلی تەواو بووە. زۆر ناڕەحەت بوو. تاوێک راما و دوایە نووسراوەکەی پێشێی خەت کێشا و نووسی: سێ شەهید و دوو بریندار. کەمالی سەیداوایە، کە بە کەماڵەگێڕ بەناوبانگ بوو و پێشتر لە شەڕی ئاوایی سەیدئاوا، بەتاقیتەنیا پێشی بە ستوونێکی ئەرتەشی گرتبوو، بە برینەکەی زۆر ناڕەحەت بوو و ئەویش لەولای درێژ ببوو و هەر چاوی لە شاهۆ دەکرد. دوایە وەدەنگ هات و بانگی شاهۆی کرد و گوتی: کاک شاهۆ، کاک شاهۆ.

– دەڵێی چی کەماڵ گیان

– تۆ خودا چەلێ پەلەی مەکە و راپۆرتی عەمەلیاتەکەی مەنووسە.

– بۆ؟

– با ببێتە چوار شەهید و ئەمنیش بنووسە جا بەڕێی بکە...

زۆری پێ نەچوو شاهۆ یەکی دیکەشی بە شەهیدەکان زیاد کرد» (رۆمانی بەزم و رەزمی شاخ).

کوڕ یان کچ فەرق ناکا، هەرکە لیباسی پێشمەرگایەتی پۆشی و ناوی پێشمەرگەی کەوتە سەر، گۆڕانێکی قووڵی بە دەروونیدا دێ. کەس نازانێ هێزی وەگەڕخەری ئەو گۆڕانە لە کوێڕایە و چۆن ساز دەبێ. هەر ئەوەندە دیارە ئەو ئینسانە دەبێتە شتێکی دیکە و سەرتاپای وجوودی بۆ خزمەت بە ئامانجێک سەرف دەکا کە رەنگە بۆخۆی هیچی لە بەرهەمەکەی وەبەر نەکەوێ. بوون بە پێشمەرگە رەنگە بۆ زۆر کەس هاسان بێ، بەڵام پێشمەرگە مانەوە و پێشمەرگانە ژیان، کاری هەموو کەس نیە.

«... ئەی تەتەری هاوڕێی ئاو!
هاوڕێی سێبەر، هاوڕێی هەتاو!
تۆ هەموومانی و یەکێکی
تۆ یەکێکی و هەموومانی،
تۆ ئەو کەسەی من بزانم
وەک هەر بە پێوە ژیاوی
ئەبێ هەر بە پێوەش بمری». (شێرکۆ بێکەس)

هەر بۆیەشە پێشمەرگە هێمای شەڕەف و شانازیی گەلە. دە لێیگەڕێن با ئەو ناوە هەر بەنەمری وەمێنێ.

*****

بەنداو(سەد)ی مەهاباد ئەگەر خێری بۆ شار و ناوچەکە پێوە بووە، هێندێک گوندی جوانی ئەو دەوروبەرەشی لەژێر ئاوی خۆیدا حەشاردا و لە بەرچاوان ونی کردن. «هەمزاوا» یەک لەو گوندانە بوو کە کەوتە ژێر بەنداوی مەهاباد و خەڵکەکەی ناچار بوون بار بکەن. بنەماڵەی تێکۆشەری ئەمجارەی بەشداری «مێژووی زیندوو» لە ئاکامی ئەو رووداوەدا ناچار بارگەیان تێکەوەپێچا و هەمزاوایان بەجێ هێشت. «منیش وەک عومەری ئامۆزام لە گوندی هەمزاوا لەدایک بووم. ئێمە بەڕاستی فەقیر و هەژار بووین. ژیانێکی هەژارانە و دوور لە هەر چەشنە خۆشی و حەسانەوەیەک. نەپارچەزەوییەک و نە خاوەنی مەڕ و مالات، هیچمان نەبوو. کە دەڵێم هیچ یانی هیچ. بابم بە کرێکاری ژیانی ئێمەی تێدەپەڕاند و نانێکی نەمرنەژیی بۆ پەیدا دەکردین. من ساڵی ١٣٤٣ لە ئاوایی هەمزاوا لەدایک بووم...». عەلییش وەک زۆر خەباتکاری رێی نەهێشتنی نابەرابەری و چەوسانەوە، لە دەست نەبوونی و بێدەرەتانیی بنەماڵەکەی ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشێ و بە وەبیر هاتنەوەی ئەو دەورانە مچوڕکی بە لەشدا دێ.

نازانم بڵێم عەلی باڵەکی ئامۆزای عومەر باڵەکییە یان کاک عومەر ئامۆزای ئەوە، یان ئەوە کە عەلی باڵەکی برای شەهیدی زەجر دیتووی تامی تاڵی زیندان چێشتووی گوڵی تەمەن زووهەڵوەری و واتە خالید باڵەکییە. ئەو لە خێڵی «هەڵۆ»یان هەڵکەوتوە و سەربە عەشیرەتی چاونەترسانە. ئەو و عومەر و خالید و ئەوانی دیکەش سەربە بنەماڵەی گەورە و ناوداری «شۆڕشگێڕان»ن و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزی «کوردایەتی و مەردایەتی».

عەلی باڵەکی بە عەشقی بەستنی پشتێندی حەوت میتری و دەشان کردنی کلاشینکۆفی جووتلاق و پۆزلێدان لە کووچە و کۆڵانی گەڕەکی خۆیان رەگەڵ کاروان کەوت. سەرەتا پێی وابوو ئەگەر خۆی نەبێتە پێشمەرگە، کوردستان قەت رزگار نابێ. هەر بۆیە قۆڵی لێ هەڵماڵی و تێکەڵاوی دنیای پان و بەرینی خەباتگێڕان بوو. لەنێو کۆڕی خەباتکاراندا لە هەر کەسەی دەرسێک و لە هەر قۆناغەی ئەزموونێکی وەرگرت. ئەو کە سەرەتا هەر ئەوەی دەزانی کە دەبێ ببێتە پێشمەرگە، دواتر لە جەنگەی کار و تێکۆشاندا بە جۆرێک خۆی بارهێنا و ئەزموونی وەسەریەک نا کە بوو بە مایەی شانازیی حیزب و گەلەکەی. عومەر باڵەکی لە یەکەم هاوسەنگەرانی عەلی بەحیساب دێ و دواتریش ناوبراو دەگەڵ فەرماندەرانی شەهیدی وەک حاجی مەلا برایمی رۆستەمی، فەتاحی چێهرەپەروەر و کاکە شوانی هەمیشە زیندوو لە لکی یەکی شەهید پێشەوا ئاشنایەتیی پەیدا کرد و لە خەرمانی غیرەت و تواناکانیان بەشی خۆی هەڵگرت. دوای ماوەیەک مانەوە لە لکی یەک، ئەمجار لکی سێی هێزی پێشەوا بوو بە مەکۆی خەبات و تێکۆشانی عەلی باڵەکی و لەو لکەشدا توانی بە ئازایەتی و فیداکاریی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێ بگرێ.

ئەوانەی ئاگایان لە تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە هەیە و لەڕادەی خۆماندوو کردنی ئەو رۆڵە فیداکارانە دەکۆڵنەوە، باش دەزانن ناوچەی مەهاباد هەتا چ رادەیەک کەوتبووە بەر رقی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی- هەر وەک ئێستاش هەر وایە- و پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواش چەندە لەژێر پەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی ئەو رێژیمەدا بوون. هەر بەڕاستی ئەگەر دەمانەوێ لوێچێک لە خەرمانی فیداکاری بە نموونە هەڵگرین، هێزی پێشەوا نموونەی چاکە و ئەگەر بۆ ناوی ئازا و چاونەترسیش دەگەڕێین دیسان لە گەڕان بە ناوچەی مەهاباددا زۆر بە ئاسانی تووشی دەبین. باڵەکی لە ناوچەیەکی ئاوا و هاوشان دەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو هێزە ملی لە خەبات نا. هەر بۆیە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ دیتمان عەلی وەک پۆڵا خارا و خۆی فێر کرد چۆن بشکێ بەڵام دانەیە. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە دەرد و ژان و ئازاری بێبەشی چێشتبوو بۆ گەیاندنی گەلەکەی بەسەر مەنزڵی ئاوات بێبڕانەوە خۆی ماندوو کرد و بێ سنوور رەنجی کێشا. عەلی دەگەڵ ئەوەدا رۆژبەڕۆژ لە بواری نیزامیدا ئەزموونی زیاتری وەدەست دێنا، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا فێری وانەکانی سیاسەت و هونەری کۆمەڵناسی و خەڵک خۆشەویستی بێ. ئەو تەنیا بە چەند کلاسی سەرەتایی سەوادەوە پێی نایە مەیدان، کەچی بە تێپەڕ کردنی چەندین کلاسی ئاموزیشی و دەورەی مودیریەت و فەرماندەهی و تاقیکردنەوەی سەخت، خۆی کردە شارەزایەکی بوارە جۆراوجۆرەکان.

کە دەڵێم پێشمەرگە پۆڵایە لەخۆڕا نیە. ١٠ جار بریندار بوون لە ئاکامی چەندین ساڵ بەربەرەکانێی سەخت وخوێناویدا و هەموو جارێش گەڕانەوە بۆ سەنگەری خەبات کاری کێیە غەیری پێشمەرگە؟ کاکە عەلی هەموو لەشی لەت و کوت دەکرێ، ئازای بەدەنی خوێنی لێ دەچۆڕێ و برین لەسەر برین هەڵدەگرێ کەچی بە خەیاڵی دانایە و سەنگەر چۆل ناکا. تێکۆشەر باڵەکی لە باسی سەربوردەی پێشمەرگایەتیی خۆیدا وەها بەگوڕ لە پیرۆزیی خەبات دەدوێ و بەجۆرێک لە دڵەوە باسی فیداکاریی پێشمەرگە دەکا هەر وەک ئەنەهوو خۆی هیچی نەکردبێ و نەک ١٠ جار، بەڵکوو جارێکیش بریندار نەبووبێ. هەر بۆیە ئینسان کە ئەو ئازایەتی و هەستی خۆ فیداکردنە دەبیسێ ناچارە سەری رێز بۆ پێشمەرگە دانەوێنێ و ئافەرینی بۆ بنێرێ. بە گشتی تێکۆشەر باڵەکی لە ماوەی ١٨ ساڵ(١٣٥٩هەتا ١٣٧٧) خەبات و خۆڕاگریدا ئەم بەرپرسایەتی و پلە نیزامییانەی هەبوون کە وەک میداڵی رێزلێنان دەبێ وەبیر بهێندرێنەوە:

– ساڵی ١٣٦٠ جێگری فەرماندەری پەل لە لکی سێی پێشەوا.
– ساڵی ١٣٦١ فەرماندەری پەل لە هەمان لک.
– ساڵی ١٣٦٣ فەرماندەری دەستە لە هەمان لک.
– ساڵی ١٣٦٥ کە پلەی سەردەستەیی نەما بۆتەوە سەر پەل لە لکی دووی هێزی پێشەوا.
– ساڵی ١٣٦٦ جێگری فەرماندەری لک.
– ساڵی ١٣٦٧ هەتا ١٣٦٩ فەرماندەری لک.
– ساڵی ١٣٧٠ بەرپرسی کۆمیتە ناوچەکانی گەورک و مەنگور لە دەوەری مەهاباد.
– ساڵی ١٣٧١ سەرپەرست و فەرماندەری هێزی زمزیران.
ساڵی ١٣٧٢ فەرماندەری هێزی پارێزگاری و کادری فێرگەی سیاسی- نیزامی.
– ساڵی ١٣٧٣ کادری تەشکیلاتی لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد.
– ساڵی ١٣٧٤،١٣٧٥ فەرماندەری هێزی پێشەوا.

لەو ماوە درێژەی کار و خەباتیدا تێکۆشەر باڵەکی نەک هەر ناوچەکانی مەهاباد و رەبەت بەڵکوو لە زۆر شوینی دیکەش خزمەتی پێشمەرگایەتی کردوە. بۆ وێنە ناوچەکانی هەوشار، دیواندەرە، سەقز، و مەریوان لەو شوێنانەن کاک عەلی وێڕای هاوسەنگەرانی سەنگەری لێ گرتوون و لە بەرامبەر پەلاماردەراندا راوەستاوە.

ژیان هەمووی ئەزموون و دەرس وەرگرتنە. ئەوانەی دەرسی باش فێر دەبن باشتر ژیان دەکەن و خۆیان چاکتر دەگەڵ هەلەکان رێک دەخەن. پێشمەرگە ئەگەر خۆی لە فێربوونی زۆر دەرسی ژیان بواردوە، لانیکەم ئەوەی باش فێر بووە کە تاوێک بە سەربەرزی ژیان و بە ئازادی بیرکردنەوە دەتوانێ لە خەم رەهای بکا. پێشمەرگە نەهاتوە فێری خۆش ژیان بێ، ئەو فێری باش ژیان کراوە. هەتا هەوڵ بۆ بەرەوپێش چوون هەیە و ئامادەیی بۆ خەبات لەو رێیەدا بەرچاو دەکەوێ، ناوی پێشمەرگەش هەر لە سەر زمانانە.

# تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە



عومەر باڵەکی

خۆر لە پشت چیا بەرزەکان پەنای گرتبوو. شێوەی ڕۆژانی پێشووتری نەدەدا. ئارام و هێورتر خۆی دەنواند. دیار بوو هەواڵێکی پێیە. مخابن نەیدەتوانی ئەو هەواڵە بە ڕۆڵە پاک و بێگەردەکانی کوردستان ڕابگەیێنێ. تەنیا هەوڵی‌دەدا، ئیزن نەدا سپای تاریکی بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بێ و ڕێگا و کوێرەڕێیەکان لە بەرچاوی کوڕانی دێموکرات ون بن.

دەستەی تیمی پێشڕەو ئارام و هێدی بەرەو شوێنی مەبەست ڕێگایان دەپێوا و لەگەڵ هەر هەنگاوێک لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانی و تێدەکۆشان بەسرنجەوە سەیری هەر جموجۆڵێکی گوماناویی بکەن. ئەوان ئەرکیان گران بوو چونکە دەبوایە ڕێگای بەردەمیان تاقی بکەنەوە، تاکوو پێشمەرگەکانی دوای خۆیان تووشی لەمپەر و گیروگرفت نەبن و بە شادی و سڵامەتی بگەنە باوەشی خاک و خەڵک لە قووڵایی ناوچەکە.

مەترسی ڕێگا، کۆنەڕێ، پێگەی دوژمن، دەوروبەری مەیدانی مین کەم نەبوو، شوێنی سەرەولێژ و کەندۆڵ شەهیدەکان و چەند کەسی دیکەش هەوڵیان دەدا بریندارەکە لەو مەیدانە دوور بخەنەوە.

ڕاست لەو کاتەدا کەوتنە بەر پەلامار و ئاوری چەکی هێزەکانی دوژمن. بەڵام ئەوجارەیان وەکوو سەعاتێک پێشتر نەبوو. پێشمەرگەکانی دێموکرات لێیان وەدەست هاتن و سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ کردن و پاشەکشەیان بەوان کرد. ئازایەتی و دەستوبردی پێشمەرگەکان وای لە دوژمن کرد کە نەتوانێ هەموو پیلانەکەی، واتە لەنێوبردنی هەرهەموو پێشمەرگەکان، وەک چۆن دایڕشتبوو جێبەجێ بکا.

بەرەبەرە تاریکایی بە تەواوی باڵی بەسەر ناوچەکە داکێشابوو. هێزەکانی پیادەی دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتبوونەوە. تەنیا دەنگی تەقینەوەی تۆپ و چەکی دوورهاوێژی دوژمن بوو لە خڕ و دۆڵ و لاپاڵی ناوچەکە دەنگی دەداوە و دەوروبەری ڕووناک دەکرد. بەو وەزعە، پێشمەرگەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەوەندەی بۆیان بکرێ و لە تاقەتیاندا بێ، شەهیدەکان و بریندارەکە لە شەڕگە دوور بخەنەوە. بەڵام ڕژد و هەڵدێریی ئەو دەڤەرە و مەیدانی مین، ڕێگرییەکی تەواویان لەسەر ڕێگای ڕاگوێزانی خێرای شەهیدەکان و بریندارەکە خولقاندبوو. شەو بەردەوام بەرەو درەنگی دەچوو. پێشمەرگەکان فرسەتیان بۆ جووڵەی خێرا لەکەمی دابوو. ئەوان دەروون‌دا ئازار دەدا تاکوو برینەکەی.

ڕووی لە هاوڕێیانی کرد. بە دەنگێکی نزم، بەڵام پڕ لە ورە و ئیمان و ئازایەتی وەدەنگ هات.

– داواتان لێ دەکەم لەبەر ڕزگارکردنی من گیانی خۆتان مەخەنە مەترسییەوە. لەو حەرەکەتەدا زیانمان وێکەوتووە، بەڵام با زیانەکان لەوە زیاتر نەبن. ئێوە بڕۆن و تەنیا چەکەکەم بۆ جێبهێڵن. ئەگەر خوا کردی زیندوو مام، ئێوارە بە دوامدا وەرنەوە. ئەگەر شەهیدیش بووم سەربەرزییە بۆمن کە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی ڕێبوارانی ڕێی ئازادی و ڕزگاری خاک و نیشتمان دەبم، تکایە... تکایە...

پێشمەرگەکانیش بڕیاری خۆیان بەر لەو قسانەی هاوڕێی برینداریان‌دابوو.

– سپاس لە ورە و ئیمانەت، بەڵام خاترجەم بە بەتەنیا جێت‌ناهێڵین، یا دەربازت دەکەین، یا هەمووومان پێکەوە دەمرین.

دوای ئەو قسە و باسانە پێشمەرگەکان وەخۆکەوتن. لەبن تاشەبەردێک جێگایەکی وەک سەنگەریان بۆ بریندارەکە بە بەرد دروست کرد و خۆشیان بە چوار دەوریدا سەنگەریان بە شێوەیێک دروست کرد کە زۆر لەچاو نەدا. هەتا ئەو کارانەیان کرد گزینگی خۆر لە سەرانی‌دا و دنیا بە تەواوی ڕووناک بوو. هەوا بەرەبەرە



و گەو و پێچیش دەستیان وەدەستی هەورازی پشووبڕ دابوو. تیمی پێشڕەو لەسەرهەست و چاوکراوە ڕێگای دەبڕی. لەو بێدەنگی‌یەدا، لەنەکاو یەک لە پێشمەرگەکان ڕاوەستا و بە دەست ئیشارەیەکی کرد:

– مەیێنە پێش!

ئەو چاوی لە قەراغی جادەکە بڕیبوو.

– ئەو تەمبازەیە چیە لێرە؟ زۆر تازە دیارە!

کەس هیچی نەگوت. خۆی وەجواب هات.

– ڕەنگە مین بێت.

یەک لە پێشمەرگەکان کە زۆر تامەزرۆی باوەشی نیشتمان بوو، وەدەنگ هات.

– کوڕە خۆ مەعتەل مەکەن، ئەو دەوروبەرە پڕە لە مەیدانی مین، ڕەنگە کۆنەمین بێت خۆی، تێمەگەیێنن.

بەدوای ئەو قسەیەدا وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، قاقایەکی لێ دا. بەڵام نە پڕ بە گەرووی، بەڵکوو بە ئەسپایی...

بەدوای ئەو قسە و باسانەدا تیمی پێشڕەو دەستی بە جووڵە کردەوە، چەند هەنگاوێک لەو شوێنە دور نەکەوتنەوە کە لەپڕدا دەنگ و گرمەی چەند تەقینەوەیێکی بەهێز هات. بێدەنگی ناوچەکەی شکاند و تەپوتۆزیکی وەک گەردەلوول تیمی پێشڕەوی دەخۆیەوە پێچا. بۆ چەند چرکەیەک ئاگایان لە یەکتر بڕا. ڕوون نەبوو کە چی قەوماوە. هەر ئەوەندە کە فەرماندەی دەستەکە کەوتبووە سەر پشت و دەستی بۆ تفەنگەکەی دەبرد و دەیهەویست هەستێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی لەجێی خۆی ببزوێ. ئەو تازە بەخۆی زانیبوو کە بە توندی بریندارە. هاواری لێ‌هەستا:

– کوڕینە!

کەس وڵامی نەداوە. جاریکی دیکە بانگی هاوڕێیانی کرد. ئەوجار وەڵامی وەرگرتەوە:

– ئەی ئەوانی دیکە...

دەستی بۆ بێسیم برد و تیمی سەرەکی لە وەزعییەتی خۆیان ئاگادار کردەوە.

پێشمەرگەکان دەستەو تفەنگ هەنگاوەکانیان خێرا کرد. لە هیندیک شوێن بە ڕاکردن و لە هێندێک جێ بە نەرمەغار خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکە. بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەر جموجۆڵێکی ئیحتمالی دوژمن لە دەوروبەری ئەو جێگایە دامەزران.

لە شوێنی تەقینەوەکە شەهید و برینداری لێ بوون. چەند کەس لە پێشمەرگەکان چوونە سەر جەنازەی بەنۆرە تەنیا چەند هەنگاوێک دەیانتوانی شەهیدەکان و بریندارەکە بە کۆڵ ڕاگوێزن. بەرەبەرە توانای جەستەییان لەکزی دابوو. بەرەبەیان نیزیک دەکەوتەوە. هەر بۆیە ناچاربوون خێرا جەنازەی شەهیدەکان لەبن سێبەری تاشەبەردەکان‌دا حەشار بدەن. بەو هیوایە کە لە یەکەم دەرفەت‌دا بگەڕێنەوە و جەنازەکان بگەیێننە گۆڕستانێکی ئەمین و دوور لە دەستی دوژمن.

لە کات و ساتێکی ئەوتۆ ئەستەم‌دا، لەڕووی ناچاری و پێچەوانەی ویستی خۆیان، هەر ئەوەیان لە دەست دەهات. ئەوان دەبوایە بریندارەکە لەو شوێنە پڕمەترسی‌یە دوور بخەنەوە.

هێدی هێدی تاریکایی شەو ڕوو لە کۆتایی بوو. خەریک بوو سپێدە دابێ. تا ئەو کاتەش پێشمەرگەکان هێشتا نەیانتوانیبوو بریندارەکە بەمەودای پێویست دوور بخەنەوە کە ئیتر مەترسی لەسەر نەمێنێ. ئەوان ناچاربوون بڕیارێکی دیکە بدەن، هەم بۆ نەجاتدانی بریندارەکە و هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. لەجێوە بوونە چەند دەستە. هەر دەستەیەک هەوڵی‌دا پێش خۆرهەڵات بگاتە شوێنی مەبەست. بەڵام لەبەر هیلاکی و ماندوویی پێشمەرگەکان و ڕووناک بوونی هەوا و وەزعی نالەباری بریندارەکە، نەدەکرا لەوە زیاتر ڕایگوێزن. پێویست بوو چەند پێشمەرگەیەک و کادری دەرمانی لەگەڵ ئەو بمێننەوە. هاوڕێی فەرماندە لەگەڵ ئەوەی بە مێشک و جەستە زۆر ماندوو بوو، بەڵام هەوڵی دا وەسەرخۆی نەهێنێ. ئارام، لەسەرخۆ، قاتع و خۆڕاگر ڕووی لە پێشمەرگەکان کرد.

– کوڕینە من بڕیارم داوە لای بریندارەکە دەمێنمەوە هەتا هەلی مومکین بۆ دەرباز کردنی دێتە پێش و ئێوەش بڕیاری خۆتان بە دەستی خۆتانە. من دەزانم مانەوەمان لێرە لە حالەتی ئاشکرابوون‌دا ڕەنگە بەرامبەر بە مەرگ بێت و منیش ئەو مەرگە هەڵدەبژێرم و هاوڕێی پێشمەرگەی بریندارم بەتەنیا جێ ناهێڵم.

– ئیمەش وەک تۆ دەکەین چونکە لە فەرهەنگی پێشمەرگەی دێموکرات‌دا نەبووە تەنگوچەڵەمە چۆکمان پێ دابدا، بەڵکوو ئازایەتی و لەخۆبووردەیی پیشەی کوڕانی دێموکرات بووە و دەبێ.

بریندارەکە بەدەم دوو ئازارەوە دەتلایەوە. ئازاری برینێکی قووڵ، خوێن لەبەرڕۆیشتنێکی زۆر، لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە مەترسی کەوتنی گیانی هاوڕێ پێشمەرگەکانی بۆخاتری ئەو، ئەویان پتروپتر لە گەرمتر دەبوو و دڵەخورپە و چاوەڕوانیش پتر، کە دوژمن دوای تەقە و لێکدانی دوێنی ئێوارە دژکردەوەی هەبێ. زۆری نەخایاند هێزێکی زۆر و زەوەندی دوژمن بە ئارایشێکی نیزامی بە ناوچە وەربوون و تا نزیک پێشمەرگەکان هاتن، بە جۆرێک کە کەوتبوونەبەر سێرەی چەکی پێشمەرگەکان. پێشمەرگەکان بڕیاریان‌دابوو بریندارەکە ڕزگار بکەن، نەک شەڕی دەستەویەخە. بۆیە لە هێرش‌کردن خۆیان پاراست و بە ئامادەگی‌یەوە چاوەڕوانی دوژمن مانەوە. هێزی دوژمن دوای گەڕان بە داخەوە تەرمی شەهیدەکانی دۆزیەوە بە پەلەپەل و خێرا کەوتنە ڕاگواستنی جەنازەکان. پاشان چەندین دەسترێژیان لە دەوروبەری خۆیان کرد و بەرەو دواوە گەڕانەوە.

دوژمن ڕۆیشت، دیسان ناوچە لە جووڵە کەوت، برینی بریندارەکە قورس بوو، خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو. شوێنەکە ویشکارۆ و بێئاو بوو. ئاوی قومقومەکان هەر شەوی پێشتر بەرەو تەواو بوون چووبوون. هەڵبەت ئەگەر ئاویش لە دەوروبەر بوایە، دیسان پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەو دەڤەرە هەمووکات لەژێر چاوەدێری پایگاکانی دوژمن دابوو. دەبوایە هەتا ئێوارە بەبێ ئاو و خواردن هەڵبکەن، بەڵام ئەوەی گرفت بوو وەزعی بریندارەکە بوو. ئەو زۆری خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو. پێویستی بە ئاوەکییەکی وزەبەخش هەبوو بەڵام لە دەسترەسی کادری درمانی‌دا نەبوو. بۆیە کادری دەرمانی هەوڵی‌دا لە نیوە قومقومەیەک ئاو، کە لە کۆی ئەوانیتر دەستی کەوتبوو بە فلیقاندنەوەی چەند دەنک خورما و تێکەڵ کردنی لەگەڵ چەند قەترە ئاو، وزەبەخشێک دروست بکا و جارناجارێک بەدەمی بریندارەکەی دابکا. پێشمەرگەکان هەتا ڕۆژ ئاوابوو، بەو شێوەیە لە دەوری بریندارەکە مانەوە و گیانیان خستە مەترسی و برسییەتی و تینوایەتی‌یان تەحەموول کرد و کۆڵیان نەدا و بەسەر سەختی‌یەکان‌دا زاڵبوون. هەرچەند نەیانتوانی جەنازەی شەهیدەکان دوور بخەنەوە، بەڵام بە لەخۆبووردەیی توانیان بریندارەکە ڕزگار بکەن و لاپەڕێکی دیکەی فیداکاری و بوێری پێشمەرگەی کوردستان لە مێژوودا تۆماربکەن.

تێبینی: شەهیدانی ئەم حەماسەیە بریتین لە: ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی

## دوو هەواڵی ژینگەیی

### گۆلی زرێبار مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە

ڕۆژ لە داوی ڕۆژ مەترسی لەنێوچوونی گۆلی زرێبار زیاتر دەبێ و، تا ئێستاش گرینگی‌یەکی ئەوتۆ بەم خەسارە ژینگەییە نەدراوە و، ژینگەپارێزان لەم بارەوە هوشداریان بە ناوەندە بەرپرسەکان داوە.

بە پێی هەواڵی ماڵپەری ژینگەوان، ڕاکێشانی پاشەڕۆی گوندەکانی دەرووبەری زرێبار بۆ نێو ئەو گۆلە، درێژەی هەیە.

گۆلی زرێبار گەورەترین گۆلی خۆڕسک و کانیاوی ئاوی شیرینە لە جیهان‌دا، کە سەرچاوەی ئاوەکەی لە هەڵقوڵینی کانیگەلێک لە ژێر ئەم گۆلەدا دابین دەبێ و جگە لەوەی کە ئاوی هیچ ڕووبارێک لەم گۆلەدا ، پەنگ ناخوات و نامێنێتەوە، بەپێچەوانەوە ڕووبارێکیش لێیەوە سەرچاوە دەگرێ؛ بەڵام ئێستاکە ڕوو لە ویشک بوونە کە، هۆکارە سەرەکی‌یەکان دەگەڕێتەوە بۆ زێرئاوی شاری مەریوان و گوندەکانی دەورووبەری کە لە ژێر چاودێری ناوندەکانی حکومەت‌دا بەڕێوەدەچێت.

یەکێک لە هاووڵاتیانی شاری مەریوان لەو پێوندییەدا ڕاگەیاند کە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە کە پاشەڕۆی گوندەکانی دەرووبەری مەریوان و تەنانەت بەشێک لە مەریوانیش، هەروەها پاشەڕۆی پایەگایی هێزەکانی ڕێژیم لە نزیک زرێبار دەرژێتە نێو ئەم گۆلەوە، کە سەرەڕای ئاگادار بوونی بەرپرسان لەم دۆخە، بەڵام بەئەنقەست پشتگوێ خراوە، کە لەم داوییانەدا بە شێوەی ڕەسمی پاشەڕۆی گوندی سێفیش بۆ نێو ئاوی زرێبار کاناڵکەشیی کراوە.

جێگای ئاماژەیە کە گۆلی زرێبار لە ڕووی گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیار و لە ڕووی دابین کردنی گۆشتی ماسی و سەرچاوەیەکی داهاتی بەهێزە بۆ شاری مەریوان، هەروها لە ڕووی پاک و خاوین کردنی کەشوهەوای ناوچەکە ڕۆڵێکی کاریگەریی هەیە.

ژینگەپارێزانی و چالاکانی مەدەنیی مەریوان چەند ساڵێکە بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و مەراسمی پێوەندیدار و پێکهێنانی سمیناری زانستی، لە هەوڵی ئەوە دان کە بۆ ئەو کێشە ژینگەییە چارەسەرێک بدۆزنەوە، بەڵام نەبوونی پشتیوانیی حکوومەتی و خەمساردیی ناوەندەکانی پێوەندیدار لەو بارەوە لەمپەڕی خستۆتە سەر ڕێی ژینگەپارێزان.

شایانی باسە سەرەڕای ئەو مەترسی‌یانەی کە ڕۆژبەدوای ڕۆژ هەڕەشە لە گۆلی زرێبار دەکەن، پلانی سازکردنی پاڵاوگەی نەوتیش لە تەنیشت زرێبار بۆتە هۆی نیگەرانیی ئەنجومەنەکانی ژینگەپارێزی و، تا ئێستا چەندین جار دژ بەو پلانە هەڵوێستیان گرتووە.

### چەمی سیروان بەرەو «دەشتی عەبباسی» ئەهواز ڕاکێشرا

چەمی سیروان لە پارێزگای کرماشان لە ئەوپەڕی سەرسووڕمانی خەڵک و، وەرزێڕانی ناوچەی کرماشان، بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ئەو پارێزگایە، بەرەو دەشتی عەبباس لە پارێزگای خوزستان گوازرایەوە. بە پێی بابەتێکی بڵاوکراو لە هەواڵدەریی موکریان، گواستنەوەی ئاوی چۆمی سیروان لە پارێزگای کرماشان بەرەو پارێزگایەکی دیکە، لە کاتێک‌دایە کە دەشتی عەبباس لە ئەهواز بۆ خۆی خاوەنی سەرچاوەی ئاو و ڕووباری زورە و، پێویستی بە ئاوی سیروان نیە. هەروەها ساڵانیکە خەڵکی پارێزگای کرماشان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کشتوکاڵی تێیدا دەکرێ چاوەڕێی ئەوە بوون کە بەرپرسانی پارێزگا لە هەوڵی ئەوەدا بن کە لە بەفیڕۆچوونی ئاوی سیروان بەرگری بکەن. گەڵاڵەی ڕاگرتنی ئاوی سیروان لە پارێزگای کرشامان و دابەشکردنی لە ناوچەکانی دیکەی ئەو پارێزگایە بە مەبەستی گەشانەوەی وەرزێری و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ چەندین ساڵە هەر بە نووسراوە ماوەتەوە و نەچووتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بە داخەوە بە هۆی خۆجێیی نەبوونی بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی پارێزگای کرماشان و خەمساردییان لەو بارەوە دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانیی خەڵکی پارێزگای کرماشان، ئاوی چۆمی سیروان گوازرایەوە بەرەو دەشتی عەبباس و، وەرزێران و جووتیارانی کوردی کرماشانیش لە سەرچاوەو سامانی سروشتی دەڤەر و ژینگەی خۆیان بێ بەری کران.

# KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 694   20 December   2016



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East   MHz 12.072
polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

**ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:**
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com




شەوی یەلدا

کە زستانە، رووەو رێبەندانە

لە لووتکەی چیا،

لە گۆڕەپانی چوارچرا،

لە هەر شوێنێکی ئەو کوردستانە،

کوردی وڵاتم مژوڵی هەڵکردنی ئاڵایە.

روحی گەشاوەی رۆژهەڵاتم،

لە شەوی تەمەندرێژی چلەدا،

چاویان لە رووناکی ئەستێرەکان و بڵێسەی چرایە.

ئەوان سەرخۆشی عەشقێکن،

ئەویش لەدایکبوونی قاسملوو و جوانی شەوی یەلدایە.

عەلی فەتحی

## یەکەمین کتێب لەبارەی کۆڵبەرانەوە چاپ کرا




یەکەمین رۆمانی کوردی لەبارەی کۆڵبەران و کاسبکارانی سەرسنوور بە زاراوەی هەورامی چاپ و بڵاوکرایەوە.

بەپێی راپۆرتی ناوەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، کتێبی رۆمانی «نیمەشەو بێ» لەلایەن نووسەری کورد حافز ئەحمەدی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەوە یەکەم کتێبە کە لەبارەی کۆڵبەران بە شێوەی رەسمی لە ئێران‌دا بڵاودەکرێتەوە. کارناسان دەڵێن کۆڵبەری کار و شوغل نییە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەلی کار و بێکاری خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بۆ بژێوی ژیانیان روو دەکەنە ئەم کارە، کەچی ساڵانە بەهۆی بەربوونەوەی لە بەرزایی و تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی دەیان کەس لەوان دەکوژرێن و نقوستان دەبن و تەنیا لە ماوەی ٣ رۆژی رابردوودا ٣ کۆڵبەری کورد لەلایەن هێزەکانی رێژیم کوژراون و بریندار بوون.

شایانی باسە ئەو سێ کۆڵبەرە لە شارەکانی بانە، ماکۆ و سەلاسی باوەجانی بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی رێژیم کوژران و برینداربوون.

## دوو ژنی ئێزیدی خەڵاتی ساخارۆفی پارلمانی ئوروپایان وەرگرت





دوو ژنی ئێزیدی کە لە دەستی داعش رزگاریان بووە، خەڵاتی ساخارۆفی پارلمانی ئورووپایان وەرگرت.

نادیە موراد و لەمیا بەشار، خەڵاتی ساخارۆفی یەکیەتیی ئورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤیان وەرگرت.

ئەو دوو ژنە دەڵێن، لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین و ناهێڵین دەنگی هەموو ئەوانەی هەمان مەینەتیان بەسەر هاتووە، کپ بێ.

شایانی باسە کە خەڵاتی ساخارۆف بۆ ئازادیی بیرکردنەوە بە ناوی ئەندرێ ساخارۆف زانای ئەتۆمی رووسی ناونراوە کە ژیانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و بیری ئازاد تەرخان کردبوو. ئەم خەڵاتە لە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن پارلمانی ئوورووپاوە دامەزرا.

## حەوت کورتە فیلمی کوردی لە ئەکادیمیی فیلمی نیویۆرک نمایش دەکرێن



ئەکادیمیی بەناوبانگی فیلمی نیویۆرک، حەوت کورتە فیلمی کوردی نمایش دەکا، کە هەر یەکەیان براوەی خەڵاتی نێودەوڵەتی یان نێوخۆیین و ئەو پرۆژەیە لەلایەن دەرهێنەر خالید حەمەلاو بەرێوە دەچێ.


ئەو پرۆژەیە ١٠٠ خولەک دەخایەنێ و تیایدا ٧ کورتە فیلم نمایش دەکرێن.

ئەو کورتە فیلمانە کە نمایش دەکرێن بریتین لە: چیای سپی، باڵاخانەی مێرووله، خاتوو بەدبەختی، ٧٤ شنگال، راوچییەکی خراپ، دەموچاوە لە بیرکراوەکان و مرۆڤ .

فیلمەکان لە دەرهێنانی دەرهێنەری جیاجیان لەوانە تەها کەریمی، تۆفیق ئەمانی، خالید حەمەلاو، چەمەن گوڵی، ساهیم عەمەر خەلیفە، ئەشکان ئەحمەدی و ماشەڵڵا موحەممەدی.

### بەر لە ماڵاوایی

## سیستمی نائەمنی گواستنەوە و رێگەوبانی ئێران



**تەهای رەحیمی**

رێگەوبان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پێشخستنی کۆمەڵگە و، دەستەوەگرتن بە کات لە رێگەی سیستمێکی گوازتنەوەی رێکوپێک و ئامێر و ئامرازی رەخت و پوخت دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاروبارەکان بەخێرایی بچنە پێش و پێداویستی‌یەکانی وڵات لە دوورەدەستترین ناوچەکانەوە بۆ نزیکترین دەڤەرەکان زوو بە زوو دابین بکرێن و ئۆرگان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بەڕیوەبەری پەکیان نەکەوێ. بەستنەوەی ناوەند و رێکخراوە هەمەچەشنەکان لە رێگەی تۆڕێکی ئەمین و کەم‌مەترسی بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی چڕوپڕ لە پێناو ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دابینی پێویستی‌یەکان و گەیاندنی کەلوپەلە بازرگانی‌یەکان و کەم کردنەوەی مەودای نێوان شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان پێویستی‌یەکی هەنووکەیی کۆمەڵگەی مرۆییە. گرێدانی مەڵبەندە بازرگانی و ئیداری و بە گشتی جوگرافیا جۆراوجۆرەکان لە رێگەی رێگەوبان، هێڵی شەمەندەفەڕ، رێگەی دەریایی و رێگەی ئاسمانی‌یەوە مەیسەر دەبێ و وڵاتان بەگوێرەی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی گرنگی بەو چەند شێوازەی پێکەوە گرێدانە دەدەن. بەهۆی گرنگی پێکەوەبەستنەوەی شوێنەکان و هەروەها هاموشۆی مرۆیی، وڵاتان بایەخێکی تایبەت بە ئەمین بوون و ئەمنییەتی بەشە جۆراوجۆرەکانی تۆڕەکانی پێکەوەبەستنەوە و پێوەندیی گشتی دەدەن. پرسی ئەمنییەتی هێڵەکانی گواستنەوە، وەک پرسێکی پێوەندیدار بە بواری ئاسایشی نەتەوەییەوە چاو لێدەکرێن و هەر بۆیە دەبینین لە وڵاتانی دنیا گرنگی‌یەکی زۆر بە ئەمین بوونی رێگەوبان و هێڵەکانی شەمەندەفەڕ و مودێرن بوون و کەم مەترسیدار بوونی ئامێر و ئامرازەکانی گواستنەوە دەدرێ. وڵاتان ساڵانە و بەگوێرەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هەوڵی تازەکردنەوەی سیستمی گواستنەوە و کەرەستەکانی دەدەن، کەچی لە ئێران بەهۆی کەمتەرخەمی و ناستانداردبوونی کەرەستەکانی گواستنەوە و پێڕانەگەشتن بە سیستمی گواستنەوە بەگوێرەی پێویست جادە و رێگەوبانەکانی بە جادەی مەرگ ناویان دەرکردوە و رووداوەکان رۆژانە قوربانیان لێدەکەوێتەوە و لەو بوارەشدا لە ریزبەندییە جیهانی‌یەکان‌دا ناوی ئێران دەکەوێتە پلەکانی سەرەتاوە. هەروەها ئەگەرچی هێڵی شەمەندەفەڕ لە جیهان‌دا بە هێڵێکی کەم مەترسیدارتر دەناسرێ و مودێلی ئیدەئاڵی سەفەر و گواستنەوەیە، بەڵام ئەمەش لەو وڵاتەدا پێچەوانەیە، خۆپێکدادانی شەمەندەفەڕ و دەرچوون لە هێڵی ئاسن لە چاو کەم بوونی ئەو خزمەتگوزارییە لە ئێران دیسان لە ریزبەندی نائەمین بوون‌دا ناوی ئەو وڵاتە دەخاتە ترۆپکەوە. هێڵی ئاسمانیش کە حاشای لێ ناکرێ بەهۆی کۆنی و لەکەڵک کەوتوویی کەلوپەل و ئامرازەکانی گواستنەوەی ئەو بەشە یەکێکە لە نائەمنترین هێڵە ئاسمانییەکانی جیهان، کە هەمووی ئەوانەش بەرهەمی نابەرپرس بوونی سیستم و ئاکام و بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی رێژیم و نەسپاردنی کار بە کارزان و باندبازییە.

بەهۆی هەڵکەوتوویی جوگرافیایی ئێران، ئەو وڵاتە بووە بە چوارڕییانێک بۆ گەیشتنەوەی وشکارۆکانی ئورووپا و ئاسیا بەیەک و هەروەها بەستنەوەی وڵاتانی ئاسیای بچووک و نێوەڕاست بە ئاوە ئازادەکانەوە، هەر بۆیە مادده خاوەکانی سەرچاوە ژێرژەوەییەکانی وڵاتانی هەندێک لە وڵاتانی ئاسیای نێوڕاست و وڵاتانی دراوسێی ئێران بە جادەوبانەکانی ئێران‌دا دەگەنە کەنداو و لەوێوە بەرێ ناوەندە پیشەییەکانی جیهانی دەکرێن. ئامێرە بارهەڵگرەکان چەند هێندەی دیکە جادە و بانە ناستانداردەکانی ئێران قەرەباڵغتر دەکەن و تێچووی گیانی و مادی خەڵکی نێو جادە و دانیشتووی نزیک جادەکان دەبەنەسەر. ئاماری خوپێکدادانی جادەیی، بە پاڵ دیاردە جۆراوجۆرە زیانبارەکانی دیکەوە کارەساتێکن بۆ گیانی خەڵک و دەگەڵ ناستانداردی رێگەوبان، ناستانداردی ماشێن و کەرەستەکانی گواستنەوە چەند هێندەی دیکە ریسکی هەنگاونان لە رێگەوبانەکان‌دا بەرز دەکەنەوە. رۆژ و کات و ساتێک شک نابەین پێکدادنێکی جادەیی تۆمار نەکرێ و کارەساتێکی دیکە بە ژیانی خەڵکەوە زیاد نەبێ، رۆژنامە و میدیا نیە رۆژانە سەردێری هەواڵەکانی بێ باس لەو رووداوانە تێپەڕێ، بەجۆریک بووە بە شتێکی ئاسایی لای کۆمەڵگە. زۆربەی ئەو کەرەستانەی لە نێوخۆی وڵات بۆ رکابەری بەرهەمە دەرەکی‌یەکانی داگیرکردنی بازاری وڵات دەخرێنە بازارەوە، بەهۆی بێکەڵک بوون و رەچاونەکردنی ستانداردە جیهانی‌یەکان، بە «تنظیم خانوادە» لە لایەن خەڵکەوە ناوزەد دەکرێن. دیارە هەروەک ئاشکرایە، زۆربەی کارگە و شوێنە بەرهەمهێنەرەکانیش دە دەستی باندە پاوانخوازەکان و زیاتریش سپای پاسداران دایە و، دەیان کۆمپانیای سەر بە سپاش لە چوارگۆشەی ئێران بە کاری رێگەوبانەوە خەریکین و، لەو کارانەشدا تەنیا وەرگرتنی بودجەکەیان لەبەر چاوە و زۆربەی پرۆژەکان بە سەقەتی و بەدوور لە ستانداردەکان ئەنجام دەدەن، کە دواجار ئەو کارەساتانەی بۆ خەڵک لێدەکەوێتەوە.

لە ئێران رێژەی بەرچاو و بەرزی پێکدادانی جادەیی، رووداوە کارەساتبارەکانی پێوەندیدار بە هێڵی شەمەندەفەڕی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە، لە حاڵێکدا زیاتر لە دوازدە ناوەندی پارێزگەی ئێران هێشتاش بێبەشن لە هێڵی شەمەندەفەڕ و، پشکی خەڵکی ئێران لە سەفەرکردن و بەکاری هێنانی ئەو هێڵە بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان لە چاو وڵاتانی جیهان و تەنانەت ناوچەکەش زۆر کەمترە، بەڵام هەر جارێک تووشی رووداوێک لەو بەشەدا دەبین، نارێکوپێکی سیستمی ئەو بەشە و دامودەزگە پێوەندیدارەکانی ئەم بوارە بەڕوونی دەردەکەوێ. دوایین رووداوی پێکدادانی شەمەندەفەڕ کە تێیدا نزیک بە پەنجا کەس قوربانی بوون، لە هێڵی ئاسنی تەورێز مەشەد رووی دا و، درەنگ گەیشتنی بەرگری شارستانی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو بوارە دەنگی خەڵک و تێچووی گیانی ئەو کارەساتەی بەرز کردەوە.

لەم بوارەشدا هەروەک زۆربەی نەهامەتی‌یەکانی دیکەی کە بەسەر خەڵکی ئێران دێ، کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێ. سەرەڕای خراپبوونی رێگەوبان و شاخاوی بوونی جوگرافیای کوردستان، هەنووکە بۆتە رێگە گواستنەوەی نەوتی باشووری کوردستانیش. نەوتی باشووری کوردستان کە لە رێگەی بارهەڵگرەکانەوەی بە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا رەوانەی باشووری ئێران دەکرێ، بەڵام کەمتەرخەمی و پێڕانەگەیشتن و تەرخان نەکردنی بوودجە بۆ رێگەوبانەکانی کوردستان، کارەساتەکەی بەهۆی قەرەباڵغی ئەو رێگەیانە کە بارهەڵگرەکانی پێدا تێدەپەڕێ چەند هێندە بەرز کردۆتەوە و، زیانە گیانی و مادییەکانی ئەو خەڵکەی بەسەر ئەو رێگەیانەوەن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و زۆر لەمێژ نییە شایەدی خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانە و ئارامی خەڵکی شارەکانی مەریوان و پیرانشار بووین بۆ پێڕاگەیشتن بە رێگەوبانی ناوچەکە.

دوایین ئاماری پێکدادانە جادەییەکانی پارێزگەی ورمێ نیشان دەدا لە هەشتی مانگی ساڵی رابردوودا هەشت سەد کەس بوونەتە قوربانی، کە زیاتری پێکدادانەکان لە ناوچەکانی باشووری پارێزگەکە روویان داوە. ئامارێک کە ئەگەر دەگەڵ شەڕە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکەی هەڵسەنگێنین، رووی ئەو شەڕانەش سپی دەکاتەوە. بەڵێ رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بۆ کارەسات و قوربانی لە چوارچیوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا پلە یەکەمەکان بەدەست دێنێ.